کتێبی وەرگێڕدراوی ئایدیا

وەرگێڕانی: هاوڕێ یوسفی

ئیدیتۆرەکان:

تۆم بۆتۆمۆر
کیرنان لارێنس هەریس
ڕالف میلیباند

# دیکشینەریی ئەندێشەی مارکسیستی




## بەشی حەوتەم

ت

## مێژوو و وشیاریی چینایەتی

**History and Class Consciousness**

ئەم کۆمەڵە گوتارە لێکهەڵپێکراوەی گیۆرگ لۆکاچ، کە یەکەم جار لە 1923 لە بێرلیندا بڵاو بوەوە، بە یەکێک لە کاریگەرترین بەرهەمە تیۆرییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێت. مێژوو و وشیاریی چینایەتی کە لە نێوان 1919 -ئەو کاتەی کە لۆکاچ لە کۆماری شووراییی کەمتەمەنی هەنگاریادا پلەی کۆمیساریای گەل لە کاروباری پەروەردە و ڕاهێنان و کەلتووری هەبوو_ و کریسمەسی 1922دا نووسرا، تا ئێستا قووڵ کاریگەریی داناوە لە سەر باسە کۆمەڵناسییەکان، سیاسەت و فەلسەفە.

پانتایی گوتارەکانی ئەم کتێبە باس دەربارەی «وشیاریی چینایەتی»، «مارکسیزمی ڕۆزا لۆکزامبورگ» و «کارکردی بگۆڕی ماتریالیزمی مێژوویی» تا هەڵسەنگاندنی سروشتی «ئۆرتۆدۆکسی لە مارکسیزم» و پەیوەندیی نێوان «یاسامەندی و نەبوونی یاسامەندی» دەگرێتە خۆی، هاوکات کە گەڵاڵەیەک لە گشتیەتیی «مێتۆدۆلۆژیای پرسی ڕێکخراوە»یش بە دەستەوە دەدات. سەرباری هەموو ئەمانە، گرینگترین گوتاری مێژوو و وشیاریی چینایەتی، کە تا ڕادەیەک نیوەی کۆی کتێبەکەی پێک هێناوە، «بەشتبوون و وشیاریی پرۆلیتاریا»یە. یەکێک لە دەسکەوتەکانی ئەم توێژینەوە گرینگە بنچینەییە ئەمەیە، کە بە دیدێکی قووڵەوە تیۆری نامۆیی مارکسی دە ساڵ پێش بڵاوبوونەوەی دەسنووسە ئابووری و فەلسەفییەکانی 1844 پێک و وەبەری دەهێنێتەوە، چما ئەوەی ئەم کارەی بە دەنگ و لەحنێکی هێگڵییەوە دەکات. زێدەباری ئەمە، ئەم توێژینەوە، لە بەشێکی تری هەمان گوتاردا، ڕەخنەیەکی بەهێز لە «ئانتینۆمییەکانی بیرکردنەوەی بورژوایی»، لەگەڵ تەفسیر و پەرەدانی هاوتا ئەرێنییەکەیان، بە دەستەوە دەدات کە لۆکاچ لە ژێر ناوی «دیدگای گشتیەتی»دا گرد و کۆی دەکات.

تاک [لە] مێژوو و وشیاریی چینایەتیدا هیچ کات ناتوانێت ببێتە پێوەری ئاراستەبەخشی فەلسەفە، یان لە ڕاستیدا ببێتە پێوەری کرداری ڕزگاریدەر، چونکە تاک لە ڕووی پێویستییەوە لەگەڵ «کۆمەڵەیەکی لێکهەڵپێکراوی ئوبژە ئامادە و نەگۆڕەکان»دا ڕووبەڕووە کە تەنیا ئەگەری ئەوە بە پەرچەکردارە زەینییەکان دەدەن. ئەوە تەنیا چینە کە دەتوانێت بە شێوەی شۆڕشگێرانەی کردەیی لەگەڵ کۆی واقیعدا جۆش بخوات» (1971، ل 193)، بەو مەرجەی ئەندامەکانی ڕزگار بکات لە هێزی ئیفلیجکەری «بابەتیەتیی بەشتکراو».

بە ڕای لۆکاچ ئەم کارە تەنیا دەتوانێت لە ڕێگەی ڕێکخستنی سەرکەوتوانە بە ڕوانگەی پرۆلیتارییانەی گشتیەتی لە فۆرمێکی ناوەکیی ئەخلاقیی شایستەدا ئەنجام بدرێت. بەم پێیە، نووسەری مێژوو و وشیاریی چینایەتی بکەریەتیی کۆیی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە بە پێوەری «دانراو» یان «وشیاریی پێوەنددراو»[ئەگەردار] دیاری دەکات و وشیاریی پێوەنددراو دەخاتە بەرامبەر «وشیاریی دەروونناسانە»ی پرۆلیتاریای هەبووەوە کە لە ژێر سوڵتەی بابەتیەتیی بەشتبووی سیستمی سەرمایەدارییدایە. هاوکات، جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشیاریی چینایەتی هەروەها ئەخلاقی پرۆلیتارییایە و ناکرێت حیزبەکەی بە «[وێنا و] جیسمانی ڕێکخراوی وشیاریی چینایەتی»ی دانا، مەگەر ئەوەی کە بەتەواوەتی دەوری مێژوویی خۆی وەک «جیسمانی ئەخلاقی پرۆلیتاریای خەباتکار» بگێڕێت (ل 42). لێرەوە، لۆکاچ چەمکێکی ئایدیالی لە حیزب کردە خاڵی بەرامبەری برۆکراتیکی بوونەوەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و وا گۆڕانکاریگەلێک ڕەخنە دەکات لە ژێر ناوی ڕەمزی «حیزبە چەشن کۆنەکان» (the parties of the old type). لەم ڕووەوەیە کە بەتووندی دەکەوێتە بەر هێرشی سیما پایە بەرزەکانی مپمینتێرن، بۆ نموونە زینۆنۆڤ و تەنیا لە 1967 دایە کە لە پێشەکییە تێروتەسەلەکەیدایە بۆ

ئێدتی نوێی مێژوو و وشیاریی چینایەتی بەئاشکرا بەرگری لە دەسکەوتەکانی ئەم کتێبە دەکات و بە هۆی فەلسەفییەوە_ پتر لەبەر بەشە هێگڵییەکانی_ بەپێی ڕوانگە سیستماتیکەکەی لە کتێبی ئۆنتۆلۆژیای بوونی کۆمەڵایەتی لە مێژوو و وشیاریی چینایەتی دوور دەکەوێتەوە. ڕوانگەی چالاکی مێژوو و وشیاریی چینایەتی، کە جەخت لە گرینگیی دیاریکەری ئایدیۆلۆژیا دەکاتەوە، بەردەوام بە ڕەمزی سەرکەوتنی ئەم کتێبە دانراوە. ئەم کتێبە نەک هەر لە سەر گرامشی، کۆرش و هەندێکی تر لە سیما سەرەکییەکانی قوتابخانەی فرۆنکفۆرت (بۆ نموونە بێنیامین و مارکوزێ) لە دەیەی 1920 و دەیەی 1930دا کاریگەریی هەبوو، بەڵکوو تەنانەت لە دەیەی 1950دا کاریگەرییەکی بەرچاوی لە فەرانسا (لە بەرزنرخاندنی مێرلۆپۆنتییەوە لەم کتێبە وەک خولقێنەری مارکسیزمی خۆرئاوایی تا ئەو ڕۆشنبیرانەی کە لە دەورتی گۆڤاری ئارگومێنتسدا کۆ ببوونەوە)، و لە کۆتاییەکانی دەیەی 60دا لە سەر بزووتنەوەی خوێندکاری، بەتایبەت لە ئەڵمانیادا هەبوو. سەرباری ئەمانە، ئەم ئەکتیڤیزمە ئایدیۆلۆژیا تەوەرە یەکێکە لە پرس ورووژێنترین تایبەتمەندییەکانی ئەم کتێبەیشە، چونکە نووسەر دەسەڵاتی ماددیی سەرمایەی پەڕگیر گەلێک بە کەم دادەنێت و بە تایبەتمەندییە ئاشتی نەگرەکانی «تەسلیمبوونی وشیاریی چینایەتیی بورژوازی لە هەمبەر وشیاریی چینایەتیی پڕۆلیتاریا» هەژماری دەکات (ل 67). لەم کەش و هەوایەدا، لۆکاچ لای وایە هۆکاری لەبەر یەک هەڵنەوەشانەوەی سەرمایەداری تا ئێستا ئەمەیە کە «پێگەی بابەتی گەلێک لەرزۆک و ناسەقامگیری کۆمەڵگای بورژوایی لە زەینی کرێکاراندا خاوەن سەقامگیری و بەردەوامیی پێشوە» (ل 31). لێرەوەیە کە لەبەر هۆکارگەلی مێتۆدۆلۆژیک پێشبینی دەکات، «بێگومان سەرمایەداری مەحکوومە بە نەمان»(ل 43) و جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکەوتن «تەنیا دەتوانێت لە ڕووی مێتۆدۆلۆژیکاڵەوە_ بە یارمەتیی مێتۆدی دیالێکتیکی_ زامن بکرێت» (هەمان سەرچاوە). لۆکاچ پێی وا بوو کە پرسی ڕاستەقینە، «قەیرانی ئایدیۆلۆژیکی»ی پڕۆلیتاریا (ل 67) هەم لە بواری تیۆری و هەم لە بواری ڕێکخراوەییدایە و بەو ئەنجامە دەگات کە دەرەنجامی «دوا خەبات پابەندە بە پێکهاتنەوەی درزی نێوان وشیاریی دەرووناسی و وشیاریی ئەگەردار» (ل 74). قبووڵی «هەمانیی سووژە_ ئۆبژە» لە لە وەسفکردنی بکەریەتیی مێژوویی نوێ_ کە لە پێشەکیی 1967دا بۆ مێژوو و وشیاریی چینایەتی بە دروستی وەک هەوڵێک بۆ «تێپەڕاندنی هیگڵ» پێناسە دەکرێت_ و ئەو دەورەی دەدرێتە پاڵ مێتۆدۆلۆژیا (و لە هەمان پێشەکیدا بەبێ ڕوانگەی ڕەخنەگرانە دووپات دەبێتەوە) گەلێک هاوئاهەنگە لەگەڵ ئەم ڕوانگە ئیرادەگەرا ڕووتە لە ئایدیۆلۆژیا و «خەبات بۆ وشیاری»ە کە ئەم کتێبە پشتیوانیی لێ دەکات (ل 86).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە چرۆتی، فووریۆ و ئەوانی تر 971، لۆکاچ، گیۆرگ 1923 (1971)، مێلۆپۆنتی، موریس 1955 (1973)، مێزارووش، ئیستوان 1971.}

**ستیڤان میزارۆش**

## مێژووگەرایی
## (historicism)

کاربردەکانی زاراوەی «مێژووگەرایی» لە بیرکردنەوەی مارکسیستیدا هەر ئەوەندە بگۆڕ و ناسەقامگیرە کە مانا سەرەکییەکانی لە ئەندیشەی کۆمەڵایەتیی ئەڵمانیای پێش هیگڵدا.

دوو مانای گشتی لە ئارادایە:

یەکەم، چەشنێک مێژووگەرایی هەیە کە پێوەندیی بە کاری کارل پۆپێرەوە هەیە. بۆ پۆپێر، هیگڵ و مارکس لە بابەت ئەم ڕوانگە چەواشەکارانە و سەقەتەوە تاوانبارن کە مێژوو خاوەن سەرچەشن و مانایەکە کە ئەگەر دەرکی پێ بکرێت هەنووکە دەتوانێت بە کار بهێنرێت تاکوو داهاتوو پێشبینی بکات و بێچمی پێ بدات. لە ڤێرژێنی بە مەبەستی پۆپێر لە مێژووگەراییدا ڕەنگە لێکهەڵپێکانی



*György Lukács*

مێتافیزیک و مێژوو لە هیگڵدا بوونی هەبێت، بەڵام تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی ناوکی سەرەکی کاری مارکس نییە. ڕای مارکس ئەمە بوو کە مێژوو بە شێوەیەکی خۆبەخۆ مانایەکی نییە جگە ئەوەی مرۆڤەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێگەییشتندا ئاماژەی پێ دەکەن و بۆی دەگەڕێنەوە. هەروەها ئاشکرایە کە ڤێرژێنە دواییەکانی مارکسیزم لە ئارادابوون کە تێیاندا، ناسینی والاتری بانگەشەکارانەی «یاساکانی مێژوو» خزمەتی بە پاساودان و بەردەوامکردنی ئەو سیاسەتە تۆتالیتاریستیانە کردوە کە پۆپێر ئەوانە گرێ دەدات بە مێژووگەراییەوە. هەر لە سەر ئەم سیاقە، پرسیار لەوەی کە ئایا دەبێت ئەندیشەی مارکس خۆی بە مێژووگەرایانە دابنێین پابەندە بە پرسیارکردن لە خەسڵەتە زانستییەکەی، ڕخنەکردنی یۆتۆپیانیزم و پێگەی پێشبینییەکانی.

دوەم مانای باوی [ئەم] زاراوەیە _کە لە زۆر ڕووەوە گەلێک دژی مانای سەرەوەیە_ لە ڕێژەگەرایی مێژوویی «گەڕانەوە بۆ هیگڵ» لە بەرهەمەکانی لۆکاچی گەنج، کۆرش و تا ڕادەیەک لە گرامشیدا دەدەزرێتەوە. کۆرش، لە ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەدا بە هیگڵ، بانگەشەی ئەوە دەکات کە «دەبێت هەوڵ بدەین کۆی گۆڕانکارییەکان، وەرچەرخانەکان و ڤێرژێنی تیۆریی مارکسیستی، لە کاتی پەیدابوونە سەرەکییەکەیەوە لە فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا، وەک بەرهەمی پێویستی سەردەمەکەمان پێ بگەین». بەم واتایە، گرامشی، لە ڕەخنەکەیدا لە بووخارین دەتوانێت ئاماژە بە مارکسیزم وەک «مێژووگەرایی ڕەها» بکات. ڕەخنەگری سەرەکیی ئەم ڤێرژێنە لە مارکسیزم ئاڵتوسێرە

کە لە بەشی پێنجەمی «خوێندنەوەی سەرمایە»دا، مێژووگەرایی لەگەڵ هیومانیزم دەکاتە بابەتی سەرەکیی هێرشەکەی خۆی. جارێکی تر، بە پلەی یەکەم ئەوەی لەم باسەدا بەرمەبەستە سروشتی زانستی مارکس و هەروەها پرسی ئاڵۆزی پێوەندیی مارکسە لەگەڵ هیگڵدا. (بڕواننە هیگڵ و مارکس، ماتریالیزمی مێژوویی، مارکسیزم، پێگەییشتن، پێشکەوتن).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئالتووسێر، لویی و بالیبار، ئی. 1970، گرامشی، ئانتۆنیۆ 35_ 1929 (1971)، کۆرش، کارل 1923 (1970)، لوکاچ، گیۆرگ 1923 (1971)، پۆپێر، کارل ئار. 1957.

**دێڤید مەکلێلان**

## مێژوونووسی
## (historiography)

ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی (pt. I, sect. 1A) ڕای دەگەیەنێت کە ئەڵمانییەکان بە کەوتنی دەوڵەت و مێژووی نەتەوەیی ناتوانن وەک فەرەنسییەکان یان ئینگلیزییەکان لەمەڕ ڕابردوو بە شێوەیەکی ڕیالیستی بیر بکەنەوە، بەڵکوو پێیانوایە کە هێزی بزوێنەری مێژوو ئایینە. مارکس تەنانەت سەبارەت بە بەناوبانگترین مێژوونووسانی ئەڵمانیا، وەک ڕانکێ، بەردەوام ڕایەکی بچووککەرەوەی هەیە و بە «گۆڕهەڵکەنەی بچووکی سەربزێو» ناوی دەبرد کە مێژوو بۆ « حیکایەت خوانیی سکار و هاسان و گەڕانەوەی کۆی ڕووداوە گەورەکان بۆ هۆکارە ورد و لووت و گوێ بڕیوەکان» دادەبەزێنێت (نامە بۆ ئەنگڵس، 7 سێپتەمبەری 1864). لە ناو ئائەڵمانییەکاندا، گیزۆ یەکێکە لەو کەسانەی کە بە توێژینەوەیەک لە شۆڕشی ئینگلیز و ناسینی هاوپێچیەکانی لەگەڵ [شۆڕشی] 1789 [فەرانسا] لە سەرەتادا مارکسی خستبوە ژێر کاریگەرییەوە، هەر چەندە کە مارکس لە دۆزینەوەی بۆشاییەکانی گیزۆ لە پشکنینی ئەم باسەدا، بەتایبەت ڕوانگە بەرتەسکە سیاسییەکەی دوودڵ نەبوو. ئەنگڵس لە هاوڕێکەی مێژوونووستر بوو، هەم بەرەو نووسینی مێژوو ڕاکێشرا و هەم بەرەو ئەم تێورییە کە مێژوو دەبێت چلۆن بنووسرێتەوە. تێنەگەییشتن لە پرۆسەی مێژوویی لەو کەمایەسییە جۆراوجۆرانە بوو کە پێی وا بوو یووگین دۆرینگ هەیەتی. ئەنگڵس ئەوی بەوە تاوانبار دەکرد کە تەنیا پێشینەیەکی نەفرەتیی لە نەزانی، وەحشیگەری و توندوتیژی دەبینێت و ئەو دوا پێگەییشتنەی کە «لە پشتەوەی ئەم ڕەوتەوە هەیە نابینێت» (ئانتی دۆرینگ، pt. 1, ch. 11; pt. 2, ch. 2). هەر لەو بەرهەمەدا، ئەنگڵس جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەبێت ئابووریی سیاسی بە «زانستێکی ئابووری» بزانین، چونکە سەروکاری لەگەڵ ئەو مەتریالانەدا هەیە کە بەردەوام لە حاڵی گۆڕاندان (pt. 2, ch. 1). هەندێک لە مێژوونووسان، بۆ نموونە لە ئینگلیز، هێدی هێدی وشیار بوونەوە لە عادەتی نابەجێیان لە وردکردنی مێژوو بۆ مێژووی ئایینی، مافەکی، سیاسی و هتد، چما ئەوەی ئەمانە بەشگەلێکی جیان_ و هەر ئەم عادەتە بوو کە ئەنگڵس لە نامەیەکدا بۆ مێرینگ (14ی ژوویەی 1983) گلەیی و گازندەی لێی هەبوو.

ئەم ڕەخنەیە لە ئەنگڵس خۆیشی گیراوە کە لە نووسینی کتێبی دەربارەی جەنگی جووتیارانی سالانی 1524 تا 1525 لە ئەڵمانیا، لە ڕێگەی توێژینەوەیەکی ڕەسەنەوە بۆ گەییشتن بە حەقیقەت ئەنجام نەدراوە، بەڵکوو هەموو ئەو شتانەی کە تێزێکی پێشوخت بیرلێکراوە پەسەندی دەکات لە کتێبەکان و بەرهەمە پێشووەکان وەری دەگرێت. بە هەرحاڵ، دواتر بەتەواوەتی بە مەترسیی ڕەوتە گەلێک سادەکراوەکانی زانی و لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کەوتە هەوڵی پێداچوونەوەی تەواوەتیی جەنگی جووتیارانەکەی خۆیەوە. ئەو قوتابییەکی گەنجی وەک کاوتسکی هەبوو کە ئەنگڵس لە سەرەتادا هەستی دەکرد ئەرک وایە کە لەبابەت شێوە کارە سەرسەری و شێوازەکەی بەردەوام ڕەخنەی لێ بگرێت، ئەو شێوایی و ناوردییەی کە بە هۆی خوێندنە ئۆتریشییەکەیەوە،

کە ئامادەکاریی سەرەتاکانی کاری نەدەکرد، زیادی کردبوو. ئەنگڵس لە 24ی ژووییەی 1885دا بۆ بێبێل دەنووسێت کە کاوتسکی «هیچ وێنایەکی لەو شتەی لە ڕاستیدا بە کاری زانستی هەژمار دەکرێت نییە». کاوتسکی کەڵکی لەم ڕێنماییە وەرگرت و گوتارگەلێکی گرینگی بڵاو کردەوە و جەختی لە کاریگەریی زانستی گەورەی ناسینی مێژوویی لە سەر ڕووداوەکان، بەتایبەت ڕووداوە سەربازییەکان کردەوە. سەبارەت بە شێوازی نامارکسیستەکان لە نووسینی مێژوودا، تەفسیر و شرۆڤەگەلێکی گەلێک زیرەکانەی بە دەستەوە دا. کاوتسکی نیشانی دا کە وێنەی ستاییشکارانەی مۆمزێن لە قەیسەر، یەکەم جار لە 1854_ چەند ساڵێک پاش 1848 و شۆڕشی کرێکارانی پاریس_ لە کاتێکدا بڵاوکرایەوە کە زۆربەی لیبێراڵەکان ناپلیۆنی سێیەمیان، بەتایبەت لە ئەڵمانیا، وەک ڕزگارکەر ستاییش دەکرد و ناپلیۆنی سێهەم خۆی یارمەتیی تاوی پەرەستنی ژوولیوسی دەدا (1908، ل 168).

لە ڕووسیا، سۆسیالیستگەلێکی وەک لێنین لەمە کەمتر مێژوویان بە جیددی نەدەزانی. بووخارین کۆمەڵێک گوتەی گەلێک جیددیی هەبوو دەربارەی ئایدیالیزم بیڵێت کە مێژوونووسی و باقیی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی گرتووەتەوە: لە بوسوێوە بە باوەڕبوونی بە نووسین و چەسپاندنی ڕابردوو وەک سیمای ڕێنوێنیی خواهانەی مرۆڤ تا لێسینگ، فیشتێ، شێلینگ، هیگڵ و تەماویکردنی هەموو شت بە «ڕازاوی کردنەوەی ڕاست و ڕێکی، یان گەمژەییەکی ترەوە» (1921، ل 59). پاش شۆڕشی 1917 دەبوو کەڵک لە هەموو مێژوونووسێکی بەردەست، وەک چۆن لە کارناسانی کۆی لقە زانستگاییەکانی تر وەر دەگرت، بەڵام دەبوو هەوڵیان دابا بەرەو ڕوانگەیەکی مارکسیستی ئاراستەیان بکەن. لە 1925دا «ئەنجومەنی مێژوونووسانی مارکسیست» دامەزرا کە تێیدا پوکرۆڤسکی، مێژوونووس و بۆلشێڤیکی کۆن، وەک نێوەنجی و ناوگری توێژەران و کاربەدەستان پشکێکی گەورەی هەبوو. ئێنتین (1978) نیشانی دەدات کە پۆکرۆڤسکی کەرەکە بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی گورزێک کە ڕووی لە قوتابخانەی کۆنی بێ پشتوپەنای بوو دەست پێ دەکات و بە پێکەوژیان و هاوژیانیی ئاشتییانەی نێوان قوتابخانەی مارکسیستی و قوتابخانەی نامارکسیستی بوار دەدات، بەڵام لە 1928دا ئەم کارە ئەستەم بوویەوە و لە 1931دا دەستێوەردانی ستەمکارانەی ستالین، دویچێر گوتەنی، بەلایەک بە سەر گەلاڵە بەرزەفڕانە و بەتاوەکان کە مێژوونووسی سۆڤیەت دەستی پێ کردبوو، باراند و مێژووی حیزبی بۆلشێڤیکی پشتبەست بە ستالین، «ئەم گوشراوە سەیروسەمەرە و قەبەی پاڵەوانە ستالینییانە»، وەک سەرچەشن قوت کرانەوە. دویچێر دەڵێت کە «مێژوونووسی خۆرئاوایی ئەوەندە لە بابەت ساختەکاری و درۆی بەربڵاوەوە تاوانبار نەبوە، بەڵام لە ڕووی شاردنەوەی ڕاستییەکانەوە تاوانکار بوە». دویچێر ڕێز لە ئەی. ئێچ. کار، وەک «یەکەم مێژووزانی باوەڕپێکراوی ڕژیمی سۆڤیەت» دەگرێت، هەر چەندە ئەو «بە پلەی یەکەم مێژوونووسی دامەزراوەکان و سیاسەتەکان»ە و بە بەراوەرد لەگەڵ مارکسیستێکدا ئینتیمایەکی کەمتری هەیە بە بنچینە کۆمەڵایەتییەکان (1955، لاپەڕەکانی 5_91).

تەنیا لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا نەبوو کە مێژوو ڕووبەڕووی چەواشەکارییە پروپاگاندایییەکان بووەوە. بۆ نموونە ئەو پرسە گەورانەی کە گرامشی لە زینداندا لە خۆی کردن، شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو ئاراستانە بوو کە دوو بەرهەمی مێژوویی گەورە دەربارەی ئەورووپا و ئیتالیای سەدەی نۆزدەیەم نووسینی هاوڵاتییەکەی. کرۆچێ، ئاشکرایان کردبوو. گرامشی پێی وا بوو کە هەڵەی کرۆچەیە ئەم مێژوانە لە 1815 و 1871 دەست پێ دەکات و لێرەوە خەباتەکانی سەردەمی فەرەنسای شۆڕشگێڕ و ناپلیۆن و ڕیسۆرجیمێنتۆ دا دەخات [و نادیدەیان



**کارل مارکس دژی ئەزموونگەرایی بوو، بەڵام دژە ئەزموون نەبوو. تا ئەو شوێنەی کە ئەم جیاکارییە بەرمەبەستە مارکسیزم دەتوانێت جارێکی تر لە بریی ئەوەی سیستمێکی بیرکردنەوەی داخراو بێت، ئەم بژاردەیە هەڵبژێرێت کە ببێتە نەریتێکی تووێژەرانەی ئەزموونەکی ئاراستەدار**

دەگرێت]: وەها بژاردنێک دەلالەتە لە پەلکێشکردنی خوێنەران بەرەو ئایدیا نا شۆڕشگێڕانەکان لەمەڕ ئێستا، کە لەم بارەدا بە واتای پەلکێشکردنیانە بەرەو فاشیزم (1971، لاپەڕەکانی 19_ 118).

ئەو کاتەی کە لە ساڵانی جەنگی ساردا بابەتییەک کە توێژەرانی خۆرئاوایی ئەو هەموە بە شانوباڵیدا هەڵیان دەدا، بەتووندی لە ئەمەریکا و لە ئەورووپا بە ڕادەیەکی کەمتر، بەرەو ڕیسوایی ڕۆی و هێدی هێدی چاک بووەوە و هێشتایش بەتەواوەتی تەندروستیی خۆی پەیدا نەکردووەتەوە، بۆ گوتەبێژانی سۆڤیەت گران نەبوو کە بەخەستی وەڵامی ڕەخنە خۆرئاواییەکان بدەنەوە. یەکێک لەم دژە هێرشانە لە هەمبەر نووسینەکان و کتێبە ڕوو لە زیادبوونەکان لە ئەمەریکا دەربارەی سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر نەتەوەکاندا بوو. ئەم نووسینانە بەوە تاوانبار کران کە هاوتەریبی پڕوپاگاندای کۆچبەرانی ناسیۆناڵیستی ئۆکراینی و ئاسیای ناوەڕاستدا و وێنەیەکی ناڕاست بە دەستەوە دەدەن لە کار و بارێکی وەک چنینەوەی بەرهەمی بەرهەمهێنانی دانەوێڵەی قەزاقستان وەک «کۆڵۆنی کردنەوەی»، هاو ئاست لەگەڵ خۆرئاوای ئەمەریکا بە نرخی دانیشتوانە خۆجێییەکەی (زێنووش کینا 1975، لاپەڕەکانی 9، 284). یەکێک لەو نووسەرانەی کە ئەم تۆمەتانەی دەدایە پاڵ [نووسەران] قبووڵی کرد کە لە لایەکی ترەوە نووسینەکانی سۆڤیەت لە درێژەی بشێویی ساڵانی دەیەی 1920دا پتر ناڕەخنەگرانە بوە: «مێژووی سۆڤیەت وەک زانست هێشتا لە خولی پێنەگەییشتوویی (in-fancy) خۆیدا بوو» (هەمان، لاپەڕەکانی 15_ 14).

لە ڕوانگەیەکی گشتیترەوە، نووسەری سۆڤیەتئەی. ئێس. کان لە 1960دا سەرکۆنەی مێژوونووسانی خۆرئاوایی دەکات سەبارەت بە تەسلیمبوون بە بیرکردنەوەی ئایینی کۆنەپەرەستانە، بۆ نموونە ژاک ماریتێن کە فەلسەفەی مێژووی مەسیحیی بوژاندەوە کە لە ژێر کاریگەریی بەرزەجێ (the transcendental)دایە، یاخود نموونەی بێردیایێڤ بە بچووکگرتنی ڕەشبینانەی ئەم جیهانە و کاروبارەکەی لە بەراوەرد لەگەڵ ئەبەدیەتدا. کان دەڵێت کە لە خۆرئاوادا هەموو ڕوانگەیەکی پێگەییشتوانە لە بریی چەمکی «بازنە فرەکان، سەربەخۆ، خۆبزۆز، «کەلتوورەکان» (شپێنگلێر)، «شارستانییەتەکان» (توین بی)، یان ڕێساکێر گوتەنی، «شیوازەکانی ژیان» وەلا نرا، یان لە قازانجی ڕێژەگەرایی لانرا، وەک نموونەی سی. بێرد، کە بەو پێیە هەر مێژوونووس و بەرەیەک مافی بە سەر وێنەی شەخسی لە ڕابردووەوە هەیە (کان 1960). گلێزێرمان، ڕەخنەگرێکی تری سۆڤیەت، کە چوە نێو باس و موناقەشە (controversy)ی نێوان مارکسیستەکان و ڤێبێرییەکانەوە، ئەم ڕەخنە لە

ڤیبێرییەکان دەگرێت کە لە فیۆدالیزم یان سەرمایەداری شتێک جگە چەمکە ئەبستراکتەکان و بونیادبەندییە زەینییەکان نابینن. ئەو ئەو گەلاڵەی توین بی لە مێژووی جیهان بە گەلاڵەیەک دەزانێت کە بۆ ململانێ لەگەڵ گەلاڵەکەی مارکس لە دابەشکردنی مێژووی جیهان بەشێوازە بەرهەمهێنەرەکان و نیشاندانی «ژیار»ە جیاجیاکان لە بریی شێوەبەندییە کۆمەڵایەتی_ئابوورییەکان گەلاڵە کراوە. ئەو دەری دەخات کە چلۆن زانستدۆز (scholarship)یی بوورژوایی کەینوونی، هەر بەو جۆرەی کە بۆ نموونە لە «کۆنگرەی کۆمەڵناسیی جیهانی سێیەم» لە 1956دا دەر دەکەوێت، هەر چەشنە بیرکردنەوەیەکی پێشکەوتن یان پێگەییشتوویی مێژوویی وەلادەنێت و لە جیاتیی ئەوە ماکی بەتاڵی «گۆڕانکاری» دادەنێت (گلێزێرمان 1960، لاپەڕەکانی 179، 4_ 183).

گۆڤاری ئاناڵ (بڕواننە قوتابخانەی ئاناڵ) لە هەمبەر کۆی ئاراستە کۆنەپەرەست یان نەگۆڕ (inertia)، دژە ڕەوتێکی بەهێز دەرخست، ئەم ڕەوتە گەلێک تێکۆشا تاکوو لە نێو وڵاتانی مێژوونووسدا فەڕانسا بخاتە ڕیزی پێشەوە. ئەم قوتابخانەیە کە لە ساڵانی نێوان جەنگدا بە بیرۆکەی نوێی مارک بلوخ و لووسیەن فێڤر و بە جێگرەوەیەکی بەرجەستەی وەک فێرنان برۆدێل بێچمی گرت، لە دەیەکانی 1950 و 1960دا شوێنگەیەکی بێوێنەی بە دەست هێنا. ئەم قوتابخانەیە بە شێوەیەکی خەباتکارانە دژی هەموو شێوازەکانی بیرکردنەوەی دۆگماتیستیی کوێرکوێرانە یان بەرتەسک وەستانەوە و بە ڕوانگەیەکی بەرینەوە بۆ مێژوو وەک زانستی کۆمەڵایەتیی کەینوونی و هێمای ڕێنوێن بۆ باقیی زانستەکان، لەگەڵیان ڕووبەڕوو بوەوە. ئەم ڕەوتە لە پاڵ هاندانی بەهێز بۆ توێژینەوە، کۆی چەشنەکانی بیرکردنەوەی نوێ باو و مێتۆدی ئەزموونی پاڵ دەنا، کە تێیاندا مارکسیزم توانی کاریگەرییەکی جیاواز دابنێت و هاوکات بە ڕزگارکردنی بەرۆکی خۆی لە کلێشەکانی سۆڤیەت سەربزێویەکی ڕسکاو دەستە بەر بکات. لە بریتانیا بە ڕێکەوتنی گۆڤارێکی تر لەمەڕ مێژوو و ئایدیا مێژووییەکان بە ناوی ڕابردوو و هەنووکە لە 1952دا، ڕێگەیەکی نوێی هاوشێوە بە شیوەیەکی سەربەخۆ کردوەتەوە. گەرچی ئەم گۆڤارە گرووپێکی کۆمۆنیست ڕێیان خست، بەڵام لە تەواوەتی ئۆرگانێکی مارکسیستی نەبوو، بەڵکوو دوور بوو لە دەمارگرژی و کەللەوشکی لە سەر بنەمایەکی عەقڵانی و پێشڕەو و لە پێش داوەرییە لەمپەرئاساکانی جەنگی سارد دابڕا بوو. ئەم گۆڤارە یەکەم ساڵەکانی تەمەنی بۆ شتێک گەشەی کرد کە بە گشتی دیسانەوە ئازادانەتر بوو، لە جیهانی ئینگلیزی زماندا پێگە و باوەڕپێکراوەیی تایبەتی بە دەست هێنا، هاوکات کە بەردەوام وەک گۆڤارێک مایەوە کە تەفسیرە مارکسیستییەکان، خۆیان [لەو گۆڤارەدا] بە نزیک و مورتاح دەزانی. لە خێر و بێری باسە بەربڵاو و دانوستانە فیکرییەکان، درزی نێوان ئەندیشەی مارکسیستی و ئەندیشەی تر لە مێژوونووسیی خۆرئاوایی تا ڕادەیەکی زۆر کەم بوەوە و ئەمڕۆ ئەندیشەی مارکسیستی بەرمەبەستە، هەر چەندە کە ئەندیشە [کانیتری] ئەم دواییانە بەرەو کۆمەڵێک بۆچوونی نوێی وەک «بیۆ_ مێژوو» (bio-history) یان «دەروون_ مێژوو» (psycho-history) ڕاکێشراوە کە ئەستەمە لەگەڵ مێتۆدۆلۆژیای مارکسیستیدا ئاشت بکرێتەوە. دەبێت ئەوە زیاد بکەین کە لە دەیەی ڕابردوودا هەندێک لە کۆڕوکۆمەڵە خۆرئاواییەکاندا هێماگەلێک دیار کەوتوە کە دەلالەتە لە مەیلی ئاوەژووکردنەوەی دەسەڵاتی فیکریی گەشەکەری مارکسیزم لە ڕێگەی بە بچووک دانانی مێتۆدەکان و دەسکەوتەکانیەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە بووخارین، ئێن. ئای. 1921 (1925)، دویچێر، ئیزاک 1955 (1969)، ئەنتین، جۆرج ئێم. 1978، گلێزێرمان، جەی. 1960، گرامشی، ئانتۆنیۆ 35_ 1929 (1971)، کان، ئای. ئێس. 1960 (1967)، لۆکاچ، گیۆرگ 1937 (1962)، زێنووش کینا، ئێڵ. 1975.

**ڤەی. جەی. کیێرنان**

## ئەزموونگەرایی
(empiricism)

نەریتی مارکسیستی، بەگشتی لەگەڵ ئەزموونگەرایی، لانی کەم لە ناودا، دوژمنایەتیی کردوە، بەڵام نە بابەتی ئەم دوژمنایەتییە و نە بەستێن و هۆکارەکانی هەمیشە روون نەبوە. ئەمە تا رادەیەک سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەمەی کە لە بەرامبەر (و تا رادەیەک لە ئەنجامی) رەخنەی پێشووتری مارکس لە ئایدیالیزم، رەخنەکەی لە ئەزموونگەرایی هیچ کات بە شێوەیەکی سیستماتیک وەک رەخنەیەک لە ئامۆژە یان سیستمێکی فەلسەفی باس نەکرا، بەڵکوو پتر شێوەیەکی بنەڕەتیی رەخنە لە ئابووریی رەشۆکی گرتە خۆی. پاشان هەم مارکس و هەم ئەنگلس تێکۆشان ئەم بۆشاییە لە ئاستی فەلسەفی_ لە بەرامبەر کەوتنی بەشی پێکهێنەری دژە ئەزموونگەرایی لە مەعریفەناسیی خۆیدا_ لە رێگەی «دیالێکتیک»ەوە، تەنانەت بە شێوەیەکی جیاواز چارەسەر بکەن.

گەرچی هیچ کات پێیان لە ئەزموونگەرایی نەنا، مارکس و ئەنگلس گەنج، بەتایبەت لە بەرهەمەکانی نێوان 1844 تا 1847، پشتیوانییان کرد لە هەندێک ناواخنی دیاریکراوی ئەزموونگەرایانە: ئەوان بەئاشکرا پێشینیگەرایی (apriorism) و هەر چەشنە ئامۆژەیەکی ئایدیا ناخەکی (innate)یەکان رەت کردەوە و ناسینیان بە شێوەیەکی دانەبەزێنراو (و تەنانەت سنووردار) بە ئەزموونی دانا، ئەبستراکتیان بە مانای وردی وشەکە مەحکووم کرد و بەرەو ئێستێقراگەرایی (inductivism) بیکێنی هێڵەکەیان گۆڕی. سەرباری ئەمانە، لە کاتی نووسینی بەرگی یەکەمی سەرمایە دەربەستیی مێتۆدۆلۆژیکاڵی مارکس بەو شتەی بە «ریالیزمی زانستی» بەناوبانگە بەتەواوەتی بێچم دەگرێت. ئەو رای دەگەیەنێت «ئابووریی رەشۆکی لە هەموو شوێنێکدا بە دیارکەوتنەکانەوە دەنووسێت لە هەمبەر یاسادا کە ئەم دیارکەوتنانە رێسادار و روونی دەکاتەوە» (pt. Ill, ch. II) سەرەوە نخوون یان ئاوەژووەکەی، «ئەگەر لە رووی ئەزموونی رۆژانە داوەری بکەین، کە تەنیا دیارکەوتنی فریودەری چشتەکان تێدەگات، حەقیقەتی زانستی بەردەوام ناکۆک و پارادۆکسیکاڵە.» (بەها، نرخ و قازانج، ب 6). ئەزموونگەرایی جیهان بە کۆمەڵەیەکی دیارکەوتنە برگە برگەییەکان دەزانێت و دوری تیۆری لە رێکخستنی چالاکانە و رێکخستنەوەی رەخنەگرانەی ئەو پێدراوانەی کە وەها دیارکەوتنگەلێک دەستەبەر دەکەن رەچاو ناکات و لاوازە لە ناسینەوەی کارکردی تیۆری وەک هەوڵێک بۆ نواندنەوەی پێوەندییە بنچینەییە ئافرێنەرەکانی ئەم دیارکەوتنانە لە ئەندیشەدا. یاساکان بریتین لە ئەو بونیادانەی کە لە رووی بوونناسییەوە، بەو رووداوانەی بە دییان دەهێنن، دانابەزێنردێن و پتر لەگەڵ ئەم رووداوانەدا نایەنەوە و ناسینی ئەم رووداوانە بە شێوەیەکی چالاکانە وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی و مێژوویی بەرهەم دەهێنرێت. لێرەوە، لە بەرامبەر بەشتبوونی ئەزموونگەرایانەی واقیعەکان و کەسیەتیی چشتەکان مارکس پابەندە بە لێکجیایی پرۆسەی (راگوێستنی (transitive) یا پێویستیی) ناسین و واقیع (رانەگوێستنی (intransitive) یان ناپێویستی) چشتەکان.

هەم نەریتی ماتریالیستی دیالێکتیکی و هەم نەریتی مارکسیتیی خۆرئاوایی دژی ئەزموونگەرایی باس و پۆلێمیکیان کردوە، بەڵام دەتوانین بەڵگاندن بکەین کە یەکەمیان لەبەر تیۆریی «نواندنەوەخواز» (reflectionist)ی خۆی لە ناسین رەهەندی راگوێستنیی نادیدە دەگرێت و بۆ شێوەیەکی بیردۆزانە (contemplative) لە «ئەزموونگەرایی بابەتی» دەگەڕێتەوە و رێک سووژە بۆ ئۆبژەی ناسین دادەبەزێنێت. لە مارکسیزمی خۆرئاواییدا باس و پۆلێمیکی دژە ئەزموونگەرایی زۆر جاران وەک بەشێک لەو هەوڵە کەڵکدارە، هەم دژی ماتریالیزمی دیالێکتیکی و هەم ئەندیشەی بوورژوایی، بۆ پاراستنی ئەو چەمکانەی کە پێ دەچێت بۆ مارکسیزمی رەسەن خاوەن گرینگییەکی بنچینەییە: بۆ نموونە، گشتیەتی (totality)ی لۆکاچ،



**بە ڕای مارکس مێژوو خۆبەخۆ مانایەکی نییە جگە ئەوەی مرۆڤەکان لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی پێگەییشتندا ئاماژەی پێ دەکەن**

بونیاد (structure)ی ئاڵتووسێر یان گۆڕانی دیاریکراو (determinate change)ی مارکۆزە. سەرباری هەموو ئەمانە، نەریت پتر هاوتەریبی پێشینیگەرایی ئاراستەکەی گۆڕیوە و هەم ڕەخنە سەرەتاییەکەی مارکس لە عەقڵگەرایی و هەم ژێرخانی ئەزموونەکیی پڕ بارستایی کاری زانستیی خولی پێگەییشتوویی مارکسی نادەیدە بگرێت. هەروەها بە پەیڕەوی لە هێڵی ڕەخنەی یەکەمینی مارکس لە هیگڵ (بەتایبەت لە ڕەخنەی فەلسەفەی دەوڵەتی هیگڵ)، دەتوانین بەڵگاندن بۆ ئەوە بکەین کە ئەم نەریتە بە نادیدەگرتنی ئەنقەستی ڕەهەندی ڕاگوێستنی یاخود پێویست بەرەوە شێوەیەک لە ئایدیالیزم دەڕوات کە بە شێوەیەکی پاڵەکی ئۆبژە لەگەڵ سووژە بە یەکسان و چونیەک دەزانێت. کارل مارکس دژی ئەزموونگەرایی بوو، بەڵام دژە ئەزموون نەبوو. تا ئەو شوێنەی کە ئەم جیاکارییە بەرمەبەستە مارکسیزم دەتوانێت جارێکی تر لە بریی ئەوەی سیستمێکی بیرکردنەوەی داخراو بێت، ئەم بژاردەیە هەڵبژێرێت کە ببێتە نەریتێکی تووێژەرانەی ئەزموونەکی ئاڕراستەدار، لە رووی مێژووییەوە پێگەییشتوو و زانست تەوەر.

(هەروەها بڕوانە ناسین، تیۆری، ماتریالیزم، ڕیالیزم.)

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ئادۆرنۆ، تی. 1966، دێلاڤێلپێ، جی. 1950 (1980).

**ڕۆی پاهاسکار**

**پێکهاتەی بەهایی سەرمایە**
**(value composition of capital)**

**بڕوانە: پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە**

**پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە**
**(organic composition of kapital)**

بە پەرەسەندنی ماشینەکان (machinery) و بەرهەمهێنانی ماشینی (machinofaktur)، پرۆسەی کار بۆ زیادکردنی بەهای زیادە یان زێدەبایی ڕێژەیی بەردەوام دەگۆڕدرێت (بڕوانە سەرمایە، زێدەبایی_ بەهای زیادە). ماشینی بوونەوەی بەرهەمهێنان بەهاگەلێکی مەسرەفیی زیاتر لە خولێکی دیاریکراو بە دەستی کرێکاران مومکین و ئەگەردار دەکات و دەلالەتە لەمە کە بەهای هەر بەهایەکی مەسرەفی بەرهەمهێنراو دەشکێت و دادەبەزێت (بڕوانە بەهای مەسرەفی، بەها)، بەڵام بەرهەمهێنانی مەسرەفی زیاتر تەنیا لە حاڵێکدا دەتوانێت ڕووبدات کە کرێکارێک لە کاتێکی دیاریکراودا دەیکاتە بەرهەم و ئەمە بۆ خۆی دەلالەتە لە کەمایەسییەک لە ژمارەی کرێکارانی پێویست بۆ هەر یەکەیەکی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمێکی دیاریکراو. لە سەرمایەداریدا، زیادبوونی بەرهەمداری، بەردەوام وەک کەمایەسییەک لە ژمارەی کرێکاران لە پێوەندیدایە بەو کەرەستە بەرهەمهێنەرانەوە کە کرێکاران کاری پێ دەکەن. ڕێژەی بڕی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بەو کارەی کە بۆ بەکارهێنانی ئەم کەرەستانە پێویستە پێی دەگوترێ «پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایە» (TCC)، و بریتییە لە پێکهاتەی ئەو سەرمایەی کە بەپێی بەهای مەسرەفی درک دەکرێت. لەوێوە کە ڕێگەیەک بوونی نییە کە بەو پێیە بتوانرێت قەبارە یان ئەندازەی کەرەستە بەرهەمهێنەرە ناهاوچەشنەکان و کاری دیاریکراو بگرێت ( TCC یان پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایە) تەنیا ڕێژەیەکی تیۆرییە کە زیادکردنەکەی یەکسانە بە زیادکردنی بەرهەمدارییەکەی.

هەڵبەت دەتوانین پێکهاتەی سەرمایە بەپێی بەها ئەندازە بگرین، بەڵام دەرەنجامەکەی لە هیچ ڕوویەکەوە چەمکێکی سادە و ساکار نییە و پتر خراپ تێی دەگەن. گەر بەهاکان بەها مەسرەفییەکان بێ گرفت دەنواندەوە، ئەو کات هەر بەو جۆرەی کە ڕێژە (ratio)ی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بۆ کار زیادی دەکرد، بە شێوەیەکی بەرامبەر ئەم ڕێژەیە بەپێی بەها، واتە ڕێژەی سەرمایەی نەگۆڕ بە سەرمایەی بگۆڕیش زیادی دەکرد، بەڵام چونکە زیادکردنی بەرهەمداری لە بەها کەم دەکاتەوە لە هیچ ڕوویەکەوە ڕوون نییە کە بەپێی بەها چی بەسەر پێکهاتەی سەرمایەدا دێت، بۆنموونە، بە ڕوو لە زیادکردنی بڕی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و داگەڕانی بەهای یەکەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان، بەرهەمی ئەم دوانە تێکڕا_ سەرمایەی نەگۆڕ_ دەتوانێت، بە لەبەرچاوگرتنی ژمارە تایبەتە هەبووەکان، زیاد بکات، کەم بکات یان وەک خۆی نەگۆڕ بمێنێتەوە. لەم چوارچێوەدا، ئەوانەی بەڵگاندن دەکەن کە پێکهاتەی سەرمایە بەپێی بەها لە ڕووی پێویستییەوە زیاد دەکات لەو کاتەدا دادەبەزێن کە ناتوانێت جگە بەپێی مێتافیزیکێکی گومانلێکراو لەمەڕ جەوهەری سەرمایە بسەلمێنرێت. سەرباقیی ئەمانە، ئەم بابەتە گرینگە، چونکە دینامیزمی پێکهاتەی سەرمایە بەپێی بەها بۆ شیکارییەکەی مارکس لە بازنەی پیشەسازی، جووڵەکانی حەقدەست، بێکاری و ئاستی قازانج میحوەری و گرینگە (بڕوانە کەڵەکەکردن، ئاستی داگەڕانی قازانج، ئەرتەشی زەخیرەی کار، حەقدەست). ئەو تەفسیرەی باسی لێکرا بەپێی ئەو مانایە کە فاین و هەریس (1979، 1976) پێشنیاری دەکەن کە بەبێ لێڵی و هاوئاهەنگە لەگەڵ شیکارییەکەی مارکسدا (سەرمایە، ب 1، چ 23، ب 3، ب 8). مارکس «پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە» (OCC) وەک (TCC) بەپێی بەها پێناسە دەکات. تێچووەکان (Inputs) (کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و هێزی کار) بەپیی بەها «کۆن»ەکانی بەهادار

دەبن و جیکاریی لە گۆڕانکاریی بەهاکاندا ڕوودەدات کە ئەنجامی زیادکردنی بەرهەمدارییە. گۆڕان لە پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایەدا تەنیا بریتییە لە بەهای گۆڕانێک لە پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایەدا و هەر بەم جۆرە گۆڕان لە پێکهاتی ئۆرگانیکی سەرمایە ڕێک هاوتەک و جووتە لە گۆڕانەکانی ناو پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایە. بە پێچەوانە، «پێکهاتەی بەهاداری سرمایە» بریتییە لە پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایە بەپێی بەها، ئەو شوێنەی کە تێچووەکان بەپێی بەها باوەکان یان «نوێ»کانی خۆی بەهادار دەبن و جیاوازییەکانی نێوان پێکهاتەی بەهاداری سەرمایە و پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە دەلالەتە لە گۆڕان لەو بەهایانەدا کە دەرەنجامی زیادکردنی بەرهەمدارییە. (ئەمە دەلالەتە لە تەفسیرێکی تایبەت کە ستیدمەن (1977، لاپەڕەکانی 6_132) دوای کەوتوە). لێرەوە، زیادکردنێک لە پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایەدا بەردەوام زیادکردنێکی لێ دەکەوێتەوە لە پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایەدا، بەڵام دەرەنجامی گشتی تەنیا لە پێکهاتەی بەهاداری سەرمایەدا دەستەبەر دەبێت، کە دەتوانێت ڕوو لە زیادبوون بکات یان دەتوانێت نەیکات.

کەواتە، ئەم وتەزایانە چلۆن کاریان پێدەکرێت؟ مارکس بە نزیکبوونەوە لە شیکاریی کەڵەکەکردن لە دیدی ئەو شتەی خاڵی هاوبەشی کۆی سەرمایەکانە_ توانایی سەرمایەکان بۆ زێدەبایی خۆیان_ دەری دەخات کە چلۆن بە موتوربەکردنی ماشینەکان (پێکهاتەی تەکنیکیی سەرمایەی ڕوولە گەشە) کە بەردەوام هێزە بەرهەمهێنەرەکان پەرە دەدات، بەهای زیادە یان زێدەبایی ڕێژەیی دەستەبەر دەبێت (بڕواننە هێزەکان و پێوەندییەکانی بەرهەمهێنان): هەروەها کە بڕی بەرهەمهێنان پەرە دەستێنێت بەها تێچووەکان کەڵەکە دەبن و لەگەڵیدا کرێکاران لە سەر ماتریالگەلێکی زیاتر کار دەکەن و ماشینگەلی زیاتر بەکار دەهێنن. لەگەڵ ئەمەدا، لەبەر زیادبوونی بەرهەمداری، بەها یەکەکانی تێچووەکان دادەبەزێ و دادەگەڕێت. ئەمەی کە ڕێک ئەم بەهایانە چلۆن دادەبەزێن پابەندە بەمەی کە ئەو بەهایانەی کە لە بەرهەمهێناندا شکڵ دەگرن چۆن لە دانوستاندندا دێنەدی. (بڕواننە ڕکابەری)، بەڵام لەوێوە کە کەمکردنەوە و تەنزیم کاتی دەوێت، لە ناو بەهاکانی تێچووەکان، بەو جۆرەی کە ئەنجامی پرۆسە پێشووەکانن (پێکهاتەی ئۆرگانیکی سەرمایە)، و هەروەها تێچووەکان، بەو جۆرەی کە بەپێی کۆمەڵێک بەها هەڵدەسەنگێدرێن کە لە پرۆسەگەلی بەرهەمهێنانی باوەوە (پێکهاتەی بەهاداری سەرمایە) سەرهەڵدەدەن، کۆمەڵێک گرفتی لێدەکەوێتەوە. وا گرفتگەلێک بەتایبەت دەتوانێت بۆ گرووپگەلی گەورەی سەرمایە زۆر زەق بێت. بەها «کۆن»ەکان دەبێت لە پنتێکدا تا ئاستی بەها باوەکان نەرم ببێتەوە و دابەزێدرێت (لە بەهاکەی کەم بکاتەوە)، و ئەگەر گرفتەکان بەتایبەتی بەرچاو و زەقن، ئەمە دەتوانێت دابڕانێکی توندی لە کەڵکەکردندا بە دواوە بێت (بڕواننە قەیرانە ئابوورییەکان). کەواتە، چەمکە جۆراوجۆرەکانی مارکس لە پێکهاتەی سەرمایە نەک بە فلان گەشەی هاوسەنگ و دوور لە کات، بەڵکوو لەگەڵ پرۆسەیەکی دیالێکتیکیدا پێوەندداره کە بەو هۆیە جەوهەری پێوەندییەکانی بەها (زێدەبایی لە ڕێگەی پەرەسەندنی هێزە بەرهەمهێنەرەکان) بەردەوام لەگەڵ تەگەرە و بەربەستی فۆرمە هەبوەکانی ئەم پێوەندییانەدا (وەک زۆربەی ئەو سەرمایانەی لە ڕکابەری و کێبەرکێدان) ڕووبەڕوو دەبێتەوە، نەرم یان کەمکردنەوە دەتوانێت بە شیوەیەکی تەواو نابەردەوام بڕگەبڕگە بێت.

ئەم شرۆڤەیە هەروەها دەلالەتە لەمەی کە بۆ زۆربەی مارکسیستەکان کێشەیان هەیە لەگەڵ پێکهاتەی جۆراوجۆری سەرمایەدا: پرۆسەی زێدەبایی گەڕانی تەواوەتیی سەرمایە دەگرێتەوە و هەم بەرهەمهێنان و هەم گەڕان لە خۆ دەگرێت. گەڕان بەبێ دیارکەوتن و پەیدابوون بەرهەمهێنان نییە، بەڵام



## هاریکاریی فیکریی گرینگی ترۆتسکی بە ئەندیشەی مارکسیستی تیۆری «پەرەسەندنی ئاوێتە و نایەکسان» و دۆکترینی وەرگیراوی شۆڕش یان «ڕاپەڕینی بەردەوام»ـە

سەرمایەیش بە گشتی دانابەزێندرێ بۆ زۆربەی سەرمایەکانی بەرامبەر یان ڕکابەر. لە دەرەنجامدا، ڕسکانی بەهاکان لە بەرهەمهێنان و مسۆگەربوونی ئەم بەهایانە لە ڕکابەریدا دەتوانێت دەرەنجامگەلی ناکۆکیی بە دواوە بێت، پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی سەرمایە وتەزاگەلێکن کە بۆ تێگەییشتن لەم ناکۆکییە ڕاستەوینانە ڕەچاو کراون. (بۆ باسەکانی ئەم دواییانە بڕواننە فاین و هەریس 1976، ستیدمەن و ئەوانیدی 1981. هەروەها بڕواننە ناکۆکی، دیالێکتیک).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە فاین، بۆن و هەریس، لارێنس، 1976، 1979، ستیدمەن، یان و ئەوانی تر 1981.

**سایمۆن مون**

### ترۆتسکی، لیۆن
### (Trotsky, Leon)

لەدایکبووی 7ی نۆڤەمبەری (26ی ئۆکتۆبەری ڕۆژژمێری کۆن) 1870، یانۆڤکا، ئۆکراین. کۆچکردووی 20ی ئوتی 1940کۆیواکان لە مێکزیک. لێف داڤیدۆڤیچ برۆنشتاین بە ناوی خوازراوی «ترۆتسکی»، ئەندامی «حیزبی کرێکاری سۆسیال دیمۆکراتیکی ڕووسیا»، سیمای بەرجەستە لە شۆڕشی 1905 و شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917، کۆمیسێری گەل بۆ کاروباری دەرەکی لە 1918 و پاشان لە مەودای ساڵانی 1918 تا 1925 کۆمیسێری گەل بۆ کاروباری سەربازی و هێزی دەریایی بوو. ئەو لە ساڵی 1923دا بزووتنەوەکانی دژ بە «ناپاکی»ی بروکراسیی سۆڤیەت بە شۆڕشی ڕێبەرایەتی کرد. ترۆتسکی کە ستالین لە 1929دا لە ڕووسیا دووری خستەوە، ئەنتەر ناسیۆناڵی چوارەمی (بڕواننە ئەنترناسیۆناڵەکان) لە دەرەوە دامەزراند تاکوو دژی ستالینیزم بوەستێتەوە. ئەو ڕەخنەی لە سیاسەتی کۆمینتێرن بەرامبەر فاشیزم و سۆسیال دیمۆکراسی گرت و بە دەستی یەکێک لە دەست و پێوەندەکانی ستالین تیرۆر کرا.

هاریکاریی فیکریی گرینگی ترۆتسکی بە ئەندیشەی مارکسیستی تیۆری «پەرەسەندنی ئاوێتە و نایەکسان» و دۆکترینی وەرگیراوی شۆڕش یان «ڕاپەڕینی بەردەوام»ە. وڵاتی دواکەوتوو بەسەر دواکەوتوویی خۆیاندا نەک لە ڕێگەی تێپەڕاندنی قۆناغگەلێک کە وڵاتانی پێشکەوتوو تێیان پەڕاندوە، بەڵکوو بە گووشاندن یان کەمکردنەوەی ئەم قۆناغانە یان تەنانەت بازدان لەم قۆناغانە سەردەکەوێت و ئەمە ئەنجامەکەی پێکهاتەیەکە لە تایبەتمەندیگەلی دواکەوتوویی لەگەڵ تایبەتمەندیگەلی قۆناغی پێشکەوتووی پەرەسەندنە کە زۆر جاران لە بانترین ئاستدا لەبەر دەستە. ئەم پرۆسەیە بە نموونەی جۆرەکی و تیپیکاڵی وڵاتانی دەرەوەی کاکڵی سەرمایەداریی

پێشکەوتووی ئەورووپای بۆرژاوایی و ئەمەریکای باکوور دادەنرێت. لێکەوتەی سیاسیی کردەیی ئەمەیە کە چۆن زۆر جاران، بەرەو پەیداکردنی پیشەسازیی پێشکەوتوو بە شێوەیەکی کۆلۆنیالی یان نیمچە کۆلۆنیالی بە ڕێوە دەچێت (بڕواننە کۆلۆنیالیزم)، لە وڵاتی ژێر کاریگەریی ئەم پرۆسەدان پرۆلیتاریایەکی بەهێزی بوورژوازی خۆجێی دەستەبەر دەبێت. لەوێوە کە بوورژوازیی خۆجێی لاواز یان پەشۆکاو لە هەوڵدان بۆ کردنی شۆڕشی بورژواییە ئەم ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی پرۆلیتاریاوە کە چینەکانی خوارەوەی بەشی پێش سەرمایەداری لە شۆڕشێکدا ڕێبەری بکات کە پاش هەڵپێچانی بەرماوە فیۆدالییەکان (بڕواننە کۆمەڵگای فیۆدالی) ڕێک هەنگاوەکەلێک هەڵدەهێنێت لە ئاراستەی سۆسیالیزمدا. تەعبیری «شۆڕشی بەردەوام» لە «ڕاگەیاندنی شوورای گشتی بۆ یەکیەتیی کۆمۆنیستەکان» وەرگیراوە کە لە 1850 مارکس و ئەنگلس ڕایان گەیاند.

پرۆلیتاریای سەرکەوتوو دەبێت تێ بکۆشێت تاکوو شۆڕش لە باقیی وڵاتان بەتایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو پێش بخات، چونکە پێشکەوتن بەرەوە سۆسیالیزم لە سنوورەکانی وڵاتێکی یەکە ئەوەندە ناتوانێت دوور بکەوێتەوە بەتایبەت لە وڵاتێکی (وەک ڕووسیا) کە دەبێت بە سەر توخمە سیاسییەکانی پێوەندییە پێش سەرمایەدارییەکەی سەر کەوت. هەمان هەل و مەرج کە ڕوودانی شۆڕش لە وەها وڵاتێکدا هاسان دەکاتەوە و پێشی دەخات هەروەها لەمپەری پەرەسەندنە سۆسیالیستییەکەیتی.

«شۆڕشی بەردەوام» بە گژ ڕوانگەیەکدا دەچێتەوە کە پێی وایە پاش شۆڕشی فیۆدالی دەبێت خولێکی بەردەوامی پیشەسازیی سەرمایەداریی بە دوادا بێت کە لە درێژەیدا بوورژوازی دەسەڵاتداریەتی دەکات، یان تێکەڵەیەک لە هێزە کۆمەڵایەتییەکان (بۆ نموونە «دیکتاتۆریی شۆڕشگێڕانە_ دێمۆکراتیکی پرۆلیتاریا و جووتیاران») وەک جێگرەوە کار دەکات (بڕواننە لێنین، لێنینیزم). ترۆتسکیستەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە لێنین لە ئاپریلتی 1917دا هەڵێنجانەکەی ترۆتسکی قەبووڵ کرد و لە شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بە کاری هێنا. ئەو کاتەی کە ستالین ئامۆژەی یان دۆکترینی «سۆسیالیزم لە یەک وڵات»ی هێنایە ئاراوە ترۆتسکی هۆشداریی دا کە ئەم دۆکترینە ئەنجامەکەی ڕووداوگەلی کارەساتباری لە ناو سۆڤیەتە (هاوبەشیکردنەوەی زوورەسی کشتوکاڵ) و کردنی «ئەنتەرناسیۆنالی کۆمۆنیستی» بە ئامرازی ڕووتی سیاسەتی دەرەکیی ناشۆڕشگێڕانەی سۆڤیەت دەبێت. ئەگەرچی ڕووسیای سۆڤیەت دەبێت پیشەسازی پەرە بدات و بە گشتی کۆمەڵگا مۆدێرن بکاتەوە، نابێت دەستەکەوتگەلێکی وەها لەگەڵ سۆسیالیزمدا یەکسان بکەین بە یەک. سۆسیالیزم نابێت تەنیا بە پیشەسازیکردنەوە و ئاستی ژیانی چاکتر بزانین، بەڵکوو دەبێت بە کۆمەڵگایەکی بزانین بە بەرهەمداریی کاری باشترەوە و بەپێی ئەم بەرهەمدارییە، ئاستی ژیانی باشتر لە کۆمەڵگای سەرمایەداری لە پێشکەوتووترین قۆناغەکانیدا. ئەمە پابەندە بەوەی کە پرۆلیتاریا دەست بەسەر دەسەڵات لە «لووتکەکانی فەرماندەری»ی ئابووریی جیهانیدا بگرێت. ترۆتسکی نەزمی کۆمەڵایەتیی ڕووسیا لە ژێر دەسەڵاتی ستالیندا تەنیا بە [قۆناغێکی] «تێپەڕ»ی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم دادەنا کە قەدەرەکەی ئەوەیە یان بەرەو سۆسیالیزم بڕوات (کە لەو حاڵەتەدا شۆڕشگەلێک لە وڵاتانی سەرمایەداریی پێشکەوتوو و شۆڕشێکی سیاسیی تەواوکەر لە ڕووسیادا پێویست و ناچارەکی دەکاتەوە) یان گەڕانەوە و کشانەوە بۆ سەرمایەداری. بروکراسیی باڵادەست بە «چینێکی نوێ» دانانرێت، بەڵکوو زیادەیەکی ئەنگەلییە و کۆمەڵگای سۆڤیەت نەک «سەرمایەداریی دەوڵەتی»، بەڵکوو «دەوڵەتی کرێکاریی نەخۆش»ە کە سەرباری هەموو ئەمانە تێیدا هەندێک دەسکەوتی بنچینەیی شۆڕشی ئۆکتۆبەر ماوەتەوە، بە جۆرێک کە لە حاڵەتی ڕوودانی جەنگدا، دەبێت شۆڕشگێڕان لە هەموو شوێنێک بەرگری لە USSR بکەن.

لایەنـی جیاکـەرەوەی ئەندیشـەی ترۆتسـکی ڕەتکردنـەوەی ئـەو بانگەشـە درۆیینانەیـە کـە دەیەوێـت مارکسـیزم بـە سیسـتمێکی گشـتی بناسـێنێت کـە کلیلـی کـۆی پرسـەکانی لـە لایـە. ئـەو لـە پانتـای «زانسـت سـەربازی»دا دژی تەڵەکـەکاری لـە بەرگـی سۆسـیالیزمدا وەسـتایەوە و بـە هەوڵـدان بـۆ بندەسـتکردنی توێژینـەوەی زانسـتی، ئەدەبیـات و هونـەر لـە ژێـر نـاوی مارکسـیزمدا خەباتـی کـرد و گاڵتـەی بـە چەمکـی «کەلتـووری پرۆلیتێـری» کـرد. ئـەو جەختـی لـە سـەر دەوری توخمـە ناعەقڵانییـەکان لـە سیاسـەتدا کـردەوە: « لـە سیاسـەتدا نابـێ لـە چوارچێـوەی عەقڵانیـدا بیـر بکەیتـەوە و لـە هەمـوو شـوێنێک کەمـتر [ئـەو شـوێنەی کـە ] باسـی پرسـی نەتەوەیـی لـە ئارادایـە». ترۆتسـکی کـە مارکسیسـتێکی شارسـتانی لـە نەریتـی مارکـس و ئەنگڵسـدا بـوو، لـە نـاو هەندێـک خەڵکدا نەیارگەلێکی بـۆ خـۆی داتاشـی کـە مارکسـیزمەکەیان، کـە پێـک هاتبـوو لـە کەللەوشکی و نەزانیی مەیلە و هێنانەئـارای بانگەشـەگەلی وەهـماوی، لـە زومـرەی ئـەو مارکسـیزمانە بـوو کـە مارکسـی ورووژانـد بڵـێ مـن «مارکسیسـت نیـم».

بـە سـەرنجدان بـە پارچەپارچەبوونـی زیـادەی ئـەو بزووتنـەوەی کـە ئـەو بونیاتـی نـا و دەتوانیـن بڵێیـن کـە تێیـدا هەندێـک گـرووپ بەبـێ هـۆ نـاوی ئەویـان وەر گرتـوە، بەدڵنیاییـەوە دەتوانیـن بڵێیـن ئەگـەر ترۆتسـکی ئەمـڕۆ زینـدوو بووبـا دەیگـوت مـن «ترۆتسکیسـت نیـم». سـەرباری هەمـوو ئەمانـە، لـە دەیـەی 1960 بـەم لاوە، ئـەو



لە کۆمەڵگەی سەرمایەدارییدا، کەس لە بواری توانای خۆیدا کارناکات

ڕێکخراوانەی کە خۆیان بە ترۆتسکیست دەزانی لە چەند وڵاتیدا دەسەڵاتیان پەیدا کردوە و نووسینەکانی ترۆتسکی ژمارەگەلێکی گەلێک زیاتریان پەیدا کردوە وەک لە کاتی ژیانی خۆیدا (بڕوانە ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێ کرا، ترۆتسکیزم).

لە 1985، لەبەر گۆرباچێڤ و گلاست نۆستەوە ئەم ئەگەرە لە USSR دا پەیدا بوە کە بکرێت ناو لە ترۆتسکی بهێنرێت بەبێ ئەوەی قسەی بەرز و نزم و لاپچڕاوی پێ بگوترێت و تەنانەت (ئەگەرچی بە شێوەیەکی شاراوە) بڵێین کە دەوری ئەو هەمیشە نەرێنی و نێگەتیڤ نەبوە. هەندێک لە نووسینە کەمتر جێ موناقەشەکانی (بۆ نموونە لە ستایشی لێنین)دا لە گۆڤارە پێشکەوتوەکاندا بڵاو بوەتەوە. سەرباری هەموو ئەمانە، بەردەوام کۆمەڵێک بەرهەم بڵاو دەکرێنەوە کە تێیاندا باسی جەنگی ناوخۆیی و پێکهێنانی ئەرتەش سوور دەگوترێتەوە بەبێ ئەوەی کە ئەوەندە ناوی ئەو بهێنن.

ئەگەرچی هەنووکە ئاماژە بەوە دەکرێت ئەو کۆمۆنیستانەی کە لە دەیەی 1920 دژی ستالین وەستانەوە لەوایە ڕاستیان گوتبێت، ئاراستەی دڵخوازی ئۆپۆزیسیۆنی ڕاست بووخارینە کە بە دژبەرانی ئایدیۆلۆژیکیی ترۆتسکی دادەنرێن. ئەو کاتەی کە پرسیارکەرانی بیانی گوتەبێژانی فەرمی ناچار دەکەن تاکوو دەربارەی ترۆتسکی بدوێن، ئەم گوتەبێژانە و پتر حەزیان لەوەیە پاڵ بە ترۆتسکیی زڵ هێزی دەیەی 1820تەوە بدەن و ئەو بە «خراپتر لە ستالین» لە قەڵەم بدەن تاکوو لە سەر ئەو لایەنگرە دواییەی دیمۆکراسیی زیاتر.

بەشی هەرە زۆری ڕەخنەکەی ترۆتسکی لە کۆمەڵگای سۆڤیەت لە خولی پاش لێنیندا، تا ئەو شوێنەی کە ئەم ڕەخنە بۆ خەڵکی سۆڤیەت ناسراوە، دەبێت وەک پێشبینیی ڕەخنەیەک ڕەچاو بکرێت کە هەنووکە گۆرباچێڤ خۆی دەیهێنێتە ئاراوە، بەڵام جەختکردنەوەی ترۆتسکی لە سەر ئەوەی کە گۆڕانکارییە پێویستەکان دەبێت تەنیا لە ڕێگەی ئەو شتەی ئەو ناوی دەنێت شۆڕشی سیاسی (و بەراوەردەگەلێک لەگەڵ 1830 و 1848 لە فەرانسادا دەیکات)، و نەک لە ڕێگەی خۆچاکسازیی بروکراسی، دۆکترینەکەی ئەو دەکاتە قەبووڵ نەکراو لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەکانی ڕێبەرایەتیدا. زێدەباری ئەمە، جەختکردنەوەیەکی تری ئەوە لە سەر ئەوەی کە چارەسەرکردنی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ڕووسیا دەبێت پشتبەست بێت بە «شۆڕشی جیهانی»یەوە بەو هێڵە ئاشتەواییەی کە گۆرباچێڤ لە سیاسەتی دەرەکیدا دوای کەوتوە ناتەبایە و نایەتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە بروئێن، پیەر. 1988، دی، ڕیچارد بی. 1973، دویچێر، ئیزاک 1954، 1959، 1963، گوری، ئێف 1982، کنەی_ پاز، بارووخ 1978، سینکلێر، لویس. 1972، ترۆتسکی، لیۆن 3 _1932، 1937، 1962، 1963.

**برایان پیرێس**

## ترۆتسکیزم

## (Trotskyism)

ترۆتسکیزمیش وەک هەموو قوتابخانەیەکی تر تەفسیری جۆراوجۆری لێ کراوە و لەگەڵ ئەوەدا لە هەلومەرجی مێژوویی جۆراوجۆردا کۆمەڵێک لایەنی جیاوازی بەرجەستە دەبێتەوە. بەردی بناغەی ترۆتسکیزم تیۆریی شۆڕشی بەردەوام بوە و بەردەوامیش هەیە کە لە بنەمادا مارکس پێکی هێنا و ترۆتسکی لە 1906 سەرلەنوێ ترۆتسکی دای ڕشتەوە، سەبارەت بە ڕووسیا بەکاری هێنا و پاشان لە 1928دا پەرەی زیاتری پێ دا. ترۆتسکی گوزەر و تێپەڕبوون بۆ سۆسیالیزمی بە زنجیرەیەک ڕاسانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووریی لێکهاڵاو و لێکهەڵپێکراو دەزانی کە لە ئاستە جیاوازەکان و بونیادە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان_ فیۆداڵی، پەرەنەسەندوو، پێش پیشەسازی و سەرمایەداری_دا پێش دەکەوێت و لە مەیدانە مێژووییەکاندا ڕوودەدات. ئەم «پەرەسەندە لێکدراو و نارێک»ە، لە قۆناغە بورژواییە دژە فیۆداڵیەکەیەوە تا قۆناغی سۆسیالیستییە

دژە سەرمایەدارییەکەی، بارودۆخ و بزۆزیەکەی پێش دەخات، ئەم پەرەسەندنە لە سنووره جوگرافییەکاانی دەستکردی مرۆڤەکان تێدەپەڕێت و لە قۆناغە نەتەوەییەکەیەوە بۆ قۆناغی نێونەتەوەیی تێ دەپەڕێت و بەرەو سازدانی کۆمەڵگای بێ چین و بێ دەوڵەت لە ئاستی جیهانیدا پێش دەکەوێت. ئەگەرچی شۆڕش دەبێت بەپێی بنەمایەکی نەتەوەیی دەست پێ بکات (و تەنانەت دەتوانین دەوڵەتی شۆڕشگێڕ ناچار بە خولێکی لاتەریکی بکەین)، ئەم شۆڕشە تەنیا لە حوکمی یەکەم پەردەی درامایەکە کە بە دوایدا پەردەیەکی تر دێت کە لە بەشێکی تر سەکۆی نێونەتەوەییدا بە ڕێوە دەچێت. لێرەوە، ئەنتەرناسیۆناڵیزم_ لایەنی دووهەمی درێژەی شۆڕش_ بە لایەنی دیاریکەری بزرنەبووی ترۆتسکیزم دادەنرێت.

ئەم تیۆرییە لە وڵاتی دەسپێکەوە لەگەڵ تیۆریی سۆسیالیزم لە یەک وڵاتی یەکەی ستالین، کە لە دیدی ترۆتسکیزمەوە ناکۆکییە، دژوارترین ئەدگاری پەیدا کرد و وەک بزوێنەری کۆی دەستپێکەکان، لەو بەشەی جیهان کە مۆدێلی سۆسیالیزمی سۆڤیەتی باڵادەست بوو، دوور خرایەوە. لێرەوە، لە دەرەوەی ئەو بەستێنە زیندوو مایەوە و ئەگەرچی ناچار بوە کە بە گەشەی ناسیۆناڵیزم کە لە جەوهەردا دژمنیەتی بوەستێتەوە، بەتایبەت لە دەیەی 1960 بەم لاوە بوەتە بەشی پێکهێنەری گرینگی وشیاریی سۆسیالیستی گەشاوە. ئەنتەرناسیۆناڵی چوارەم (بڕواننە ئەنتەرناسیۆناڵەکان)، کە ترۆتسکی لە 1938دا دایمەزراند، وەک ئامرازێک بۆ پێشخستنی باسێکی پەڕگیر لەبابەت بنەما باوەڕییە بنەڕەتییەکانی ترۆتسکیزم و بۆ سازدانی گرووپگەلی بێ ئەژماری ترۆتسکیستی کە هەوڵیان دەدا بۆ دۆزینەوەی ستراتیژی شۆڕشگێڕانەی دروست بۆ سەدەمی هەنووکەیی، دەوری گرینگی هەبوو. بنبەست لە خەباتی چینایەتی (بڕواننە لێکدژیی چینایەتی (CLASS CONFLICT)) دەتوانین لە خۆرئاوای پێشکەوتوو و بێداریی وشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی لە ناو خەڵکانی ئاسیا و ئەفەریقا وەک پەسەندی بەردەوامیەتیی شۆڕش تەفسیر و مانا بکەینەوە. بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکانی وڵاتانی «دواکەوتوو» ئەم پرسەیان دیسانەوە هێنایە ئاراوە کە دەبێت کە بە هۆکاری سەرەکی و دیاریکەری شۆڕش بزانین: پرۆلیتاریا، هەر بەو جۆرەی کە مارکسیزمی کلاسیک (و ترۆتکسیزم) بە بنەمای دادەنێن، یان وەرزێران کە بەو جۆرەی کە 9_ 1948 لە چیندا بینرا، شۆڕشی لە گوندەکانەوە هێنایە شار (بڕواننە ماو تسێ تۆنگ). لە دیدی ترۆتسکیزمەوە سازدانی کۆمەڵگای بێ چینی سۆسیالیستی ناتوانێت جگە لە ڕێگەی دابڕانی شۆڕشگێڕانە لە نەزمی هەبوو دەستەبەر ببێت. ترۆتسکیزم ڕێگای پەرلەمانیی پێگەییشتوانەی سندووقی دەنگدان وەک ڕێگەیەک وەهمی ڕەت دەکاتەوە، ترۆتسکیزم دڵنیایە کە چینی چەوساوە ناتوانێت دەسەڵات بگرێتە دەست مەگەر ئەوەی لە خەبات بە دژی چینە خاوەندارەکان کە بەرگریی لە سوڵتەی ئابووریی خۆیان دەکەن. لە تەرحی ترۆتسکیستی لە کاروبارەکاندا، سەرکەوتنی پرۆلیتاریا لەم خەباتە چینایەتییەدا دەبێت بە بەرقەرارکردنی «دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا» بپارێزرێت. ئەم چەمکە، کە بە ئەزموونی ڕژیمە تۆتالیتێرەکان (بڕواننە تۆتالیتاریزم) بە کۆمەڵێک پەیوەست و هاوپێچی بێزارکەرەوە تەشەنەی سەندوە، بە بۆچوونی ترۆتسکی (وەک مارکس و ئەنگڵس) نەک لە سەر شێوەیەکی حکوومەت، بەڵکوو دەلالەتە لە سوڵتەی کۆمەڵایەتی_ سیاسیی یەک چین. لێرەوەیە کە ترۆتسکی دیمۆکراسییە خۆرئاواییەکان بە دیکتاتۆرییە بورژواییەکان ناودێر دەکات، واتە ئەو ڕژیمانەی کە سوڵتەی چینە دەوڵەمەندەکان زامن دەکەن.

دیکتاتۆریی پرۆلیتاریا لە ڕێگەی داگیرکردنی دەسەڵات بە دەستی حیزبی سیاسیی پرۆلیتاریا پێک دێت کە ترۆتسکی دەوری سەرەکی دەخاتە سەر شانی لە شۆڕشدا. سەرباری هەموو

ئه‌مانه‌، ترۆتسکی هۆشداری ده‌دات که‌ وا حیزبێک ده‌بێت وریا بێت که‌ نه‌چێته‌ جێگه‌ی پرۆلیتاریا یا هه‌ر ئه‌وه‌ی که‌ ئه‌رکه‌که‌ی ئه‌نجام دا نه‌یکاته‌ بنده‌ستی خۆی. له‌ حاکمیه‌تی دیکتاتۆری پرۆلیتاریادا، چاودێری کاریگه‌ر به‌ سه‌ر حکوومه‌ته‌وه‌ ده‌سته‌به‌ر ده‌که‌ن، ئه‌و سوویتانه‌ی که‌ پێک هاتوون له‌ نوێنه‌رانی حیزبه‌ یاساییه‌کانی سوویت که‌ هه‌موو زه‌حمه‌تکێشان ئازادانه‌ هه‌ڵیان بژاردوون. حیزبه‌ سوویتییه‌کان، بۆنموونه‌ توخمه‌ لایه‌نگره‌کانی بوورژوازی، له‌ زومره‌ی ئه‌و حیزبانه‌ن که‌ ڕێز له‌ یاسای بنه‌ڕه‌تی ده‌وڵه‌تی کرێکاران ده‌گرن که‌ بنه‌ماکه‌ی ڕێکخستنی سۆسیالیستی به‌رهه‌مهێنان و دابه‌شکردنه‌ و به‌شدار نابن له‌ هه‌وڵدان بۆ له‌ناوبردنی. زێده‌باری ئه‌مه‌، حاکمیه‌تی پرۆلیتاریا له‌ ڕێگه‌ی دانانی پیشه‌سازی له‌ ژێر چاودێری و به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی کرێکاران له‌ خاڵی به‌رهه‌مهێنان له‌ ڕێگه‌ی کومیته‌کانی کارخانه‌کانه‌وه‌ ده‌پارێزرێن. ئه‌م کۆمه‌ڵه‌ی به‌رهه‌مهێنه‌رانه‌ به‌ کۆمه‌ڵی به‌رخۆران کامڵ و ته‌واو ده‌بێت که‌ به‌رایی دابه‌شکردن و نرخدانانی کاڵا به‌رخۆری و مه‌سره‌فییه‌کانی به‌ده‌سته‌.

**نه‌ریتی مارکسیستی، به‌گشتی له‌گه‌ڵ ئه‌زموونگه‌رای دوژمنایه‌تیی کردووه‌**



هه‌ڵێنجانی ترۆتسکی له‌ حیزبی شۆڕشگێڕ یه‌ک ده‌ست نه‌بوو و له‌ قۆناغگه‌لی مێژوویی جۆراوجۆردا تووشی گۆڕانکاری هات. له‌ ناو ترۆتسکیسته‌ هه‌نووکه‌ییه‌کاندا هه‌ندێک گرووپ ڕه‌خنه‌کانی خولی گه‌نجیه‌تیی ترۆتسکی (پێش 1917)یان له‌ سه‌ره‌تا وشک و ناوه‌ندگه‌راکانی لێنین به‌ته‌واوه‌تی ڕاست ده‌که‌نه‌وه‌ و حیزب به‌ ڕێکخستنی به‌رین و ئازاد ده‌زانن. ئه‌وانی تر، ئه‌گه‌رچی به‌ته‌واوه‌تی ناوه‌ندگه‌رایی لێنین ڕه‌ت ناکه‌نه‌وه‌، جه‌ختێکی زیاتر له‌ سه‌ر شێوه‌ی دیموکراتیکی حیزب ده‌که‌نه‌وه‌ و ئاماژه‌ به‌ نووسینه‌کانی پاش 1923 و له‌ درێژه‌ی خه‌باتی دوایی ئه‌و به‌ دژی دیکتاتۆری بروکراتیکی حیزبی ستالینیزه‌ی سۆڤیه‌ت ده‌که‌ن. دیسانه‌وه‌ ئه‌وانی تر، به‌ڵام که‌مینه‌یه‌ک، ڕێک پشتیوانی له‌ ناوه‌ندگه‌رایی لێنینیستی ده‌که‌ن و ئاماژه‌ به‌ قۆناغی گه‌لێک ناوه‌ندگه‌رای 1917 تا 1923ی ترۆتسکی ده‌که‌ن.

پره‌نسیپی سۆسیالیزمی فره‌چه‌شنخواز و باوه‌ڕ به‌ چاودێری کرێکاران لایه‌نی هاوبه‌شی زۆربه‌ی ئه‌و گرووپانه‌یه‌ که‌ بانگه‌شه‌ی ئه‌مه‌کداری به‌ ترۆتسکیزم ده‌که‌ن، هه‌روه‌ها ڕه‌تکردنه‌وه‌ی یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت وه‌ک کۆمه‌ڵگای سۆسیالیستی. سه‌رباری ئه‌مانه‌، ئه‌وان له‌ پێناسه‌کانیان له‌ چییه‌تیی یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت لێک جوودا ده‌بنه‌وه‌. دوو ڕه‌وتی گه‌وره‌ی ئه‌ندیشه‌ به‌رجه‌سته‌ و دیارن: یه‌کیان پێی وایه‌ که‌ یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌ت هێشتا ده‌وڵه‌تی کرێکارانه‌ ئه‌گه‌رچی هه‌ر به‌و جۆره‌ی ترۆتسکی گوتوویه‌تی، تووشی پرۆسه‌ی له‌ناوچوونه‌، ئه‌وی تر ئه‌وه‌یه‌ که‌ شتێک له‌ ده‌وڵه‌تی کرێکاران له‌ یه‌کیه‌تیی سۆڤیه‌تدا

نەماوەتەوە و ڕژێمەکەی ڕژێمێکی سەرمایەداریی دەوڵەتییە. سێیەمیان، کە هێد بەربڵاو نییە، بلۆکی سۆڤیەت بە شێوەبەندییەکی تاقانە دەزانێت لە چەشنێکی نوێ. ئەم هەڵێنجانە تیۆرییانە تا ڕادەیەکی زۆر خەسڵەتی دژایەتیی ترۆتسکیستی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤیەت دیاری دەکات. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە: ئایا یەکیەتیی سۆڤیەت جێ ماوە، ستالینیستییەکەی فڕێ دەدات و لە ڕێگەی ڕیفۆرم و چاکسازیی شێنەیی لە سەرەوە دەکەوێتە نێو ڕێگای سۆسیالیزمەوە؛ ئەو چاکسازییانەی کە بۆ دەستەبەرکردنی لە خوارەوە گوشاری دێتەسەر، یان هەڵچوونێکی تووندئاژۆی لە خوارەوە پێویستە ئەو شتەی لێ بکەوێتەوە کە لێنین، ترۆتسکی و بۆلشێڤیکەکان لە 1917 بە دەستیان هێنا؟ ئەم پرسیارە دوای ئەوە گرینگیی پەیدا کرد کە ئێم. ئێس. گۆرباچێڤ، ڕێبەری نوێ، دەسەڵاتی لە فێڤریەی 1985دا گرتە دەست و دەستی کرد بە زنجیرەیەک ڕیفۆرمی بنەڕەتی کە ئامانجەکەی لیبڕاڵیکردن و دیمۆکراتیزەکردنەوەی بنچینەیی ڕژێم بوو. لەم چوارچێوەدا سانسوور هەڵپێچرا، نووسینەکانی ترۆتسکی لە لیستی کتێبە چەواشەکارانەکان لا دەبرێت و کەوتە بەر دەستی خوێندکارانەوە.

سەرباری هەموو ئەمانە، کۆی ئەو هیوایانەی کە دەیتوانی لە ناو ترۆتسکیستە خۆرئاواییەکاندا بورووژێنرێت کە ڕەنگە پاڵپشتی لە ئایدیاکانی ترۆتسکی بکات، زۆری نەخایاند. دەر کەوت کە ئامانجی ڕێبەریی نوێ «دەستڕاگەییشتن نییە بەو شتەی کە لێنین، ترۆتسکی و بۆلشێڤیکەکان هەوڵیان دا لە 1917دا بە دەستی بهێنن». ئەوەی بوو بە دەستووری کار، بە پێچەوانەی ئەو شتەی ترۆتسکی مەبەستی بوو، نە ئەنتەرناسیۆنالیزمی «شۆڕشی بەردەوام» بوو، نە پشتیوانی لە بزووتنەوە ڕزگاریدەرەکان و نە دەستڕاگەییشتن بە «دیمۆکراسیی پرۆلێتێری» لە ناوخۆدا. لە کۆتایی دەیەی 1980دا دەرکەوت کە گرووپی نوێ پتر چاوی لە ڕۆژاوای بوورژوایە؛ ئیلهامی لەوێ وەر دەگرت و لە هێزەکانی بازاڕ مۆدێلێکی بۆ چاکسازی لەبەرچاو بوو کە بۆ دەرهێنانی ڕووسیا لە وەستانی ئابووری و دواکەوتوویی تەکنۆلۆژیکاڵ گەلاڵە کرابوو و ڕووسیای دەخستە نێو جادەی سەدەی بیست و یەکەمەوە. هەندێک لە ترۆتسکیستەکان لە خۆرئاوا (و نەک هەر ئەوان) ڕەنگە هۆشداریی ترۆتسکیان بە بیر بێتەوە: پێناسەی ڕژێمی سۆڤیەت وەک «تێپەڕین» (transitional) لە سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم ناتەواو دەر چوە: لە ڕاستیدا گەڕانەوە بۆ سەرمەیەداری ئەگەردار و مومکینە (ئەو شۆڕشەی ناپاکیی لێ کرا، ل 241).

سیاسەتی نوێی «ئاشکرایی» (openness) ئەو ئەگەرەی دا بە چاودێرانی دەرەکی تاکوو لە «دۆخی ترۆتسکیزم» لە ناوخۆوە یەکیەتیی سۆڤیەت بناسن. ئەو جۆرەی دەبوو پێشبینی کرابا لە ناو جەماوەری خەڵکدا بەزۆری وشیارییەکی زۆر کەم لە ترۆتسکی و دەورەکەی بوونی هەبوو. جێگەی سەرسوورمانە کە بە پلەی یەکەم دوژمنایەتیی گەلێک پەیگیرانە و بێبەزییانەی ستالین لەگەڵ ترۆتسکی سۆز [و هیوایەتی] بەرەو ئەو ڕادەکێشا. هەندێک لە نووسەران ئازادانە کەڵکیان لە جوێنەکانی ترۆتسکی دژی ستالین و تەنانەت هێرشەکانی بۆ سەر بروکراسی وەر دەگرت، بەڵام هیچ ئاشنایەتییەکیان پیشان نەدەدا لەگەڵ شیکارییەکەی لە ستالینیزم.

گەرچی خوێندنەوەی ترۆتسکی لە ناوەندە زانکۆیی و ئاکادیمییەکان پێشنیار نەدەکرا، وردەوردە ڕۆشنبیران و مێژوونووسان کردنەوەی ئەرشیڤەکانیان بۆ خوێندنەوەی ڕابردوو بە غەنیمەت و دەرفەت زانی. سەرباری کۆی ئەمانە، چەند دەیە ڕواوەدوونان و ئازار و جوێن کاریگەریی خۆی دانابوو: دژایەتییەکی بێجێ بەردەوام لە ناو توێژەراندا هەیە کە کارەکەیان سەبارەت بە ترۆتسکی پەنجە دەخەنە سەر ئەو بڕگانە و تەنانەت کەڵکی لێ وەردەگرن کە تێیاندا ترۆتسکی لەو پەڕی دیسیپلینگەری و

دەسەڵاتدا بوو. ئەوان ئەمە بەو پەڕی تامەزرۆییەوە دەکەن، چونکە هەست دەکەن کە کەسایەتیی شۆڕشگێڕی ترۆتسکی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی زنجیرە پلەی باڵادەستی دۆخی هەنووکەییدا نایەتەوە.

ئەگەر لە ناو ژمارەیەکی بچووکی خوێندکاران، چالاکانی سیاسی و کرێکاراندا بشێت نزیکایەتییەک لەگەڵ ترۆتسکیدا ببینین، ئەمە پتر لەبەر گەڕانە فیکرییە سەربەستەکانیانە تاکوو دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی ترۆتسکی و تیۆرەکانی. هیچ ڕێکخراوە و دەستەگەرییەک بوونی نییە کە بەئاشکرا و بەبێ مەرج وەفاداریی خۆی بە «ترۆتسکیزم» ڕابگەیەنێت.

ترۆتسکی کە لە دەیەکانی 1920 و 1930دا تەکفیر کرا، بێڕێزیی پێ کرا، لە وڵاتی خۆی دوور خرایەوە، هەنووکە لە کۆتایی سەدەیشدا لە لایەن USSR پێشوازیی فەرمیی لێ نەکراوە، بە پێچەوانەی قوربانیانی شۆڕشگێڕی ستالین بۆ ئەو «گەڕانەوەی شکۆ» [یان ڕێز] ئەنجام نەدراوە، دانیان بە گیانبەختکردنیدا ناوە بەڵان شکۆ و شەرەفیان نەگەڕاندووەتەوە.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە کلیف، تی. 1974، دویچێر، ئای 1954، 1959، 1963، لۆوی، ئێم. 1981، مێندێل، ئی 1979، ترۆتسکی، ئێل. 3_ 1932، 1937 (1972)، 1962، 1973.

**تامارا دویچێر**

## ڕێکەوت و پێویستی

**(chance and necessity)**

**بڕوانە: حەتمیەتگەرایی/ دیتێرمینیزم، ماتریالیزمی مێژوویی**

## ناکۆکی

(**contradiction**)

ئەگەرچی دەتوانین ئەم چەمکە وەک خوازە (metaphor) بۆ هەر چەشنە ناهاوەدەنگی، گوشار یان کێشمەکێشێکە بە کار بهێنرێت، بۆ یەکەم جار ناکۆکی سەبارەت بە کردەی مرۆیی (یان گشتی بە کردەی ئامانجدار) واتایەکی جیاوازی گرتە خۆی، ئەو شوێنەی کە ڕێگە بە ناکۆکی دەدات و ئەگەری ئەوە دەدات



*Paul Sweezy* *Paul Baran*

ئامانجێک تەنیا لەبەر ئامانجێکی تر بەراورد ببێت، واتە داخراو یان ڕێگر (a bind or constraint). کەواتە، ناکۆکیی ناوەکی داخراوێکی دەبڵ یان خۆڕێکرە، لە شوێنێکدا کە سیستم، هۆکار یان بونیادێک بە ناوی S لە کردنی کارێک بە ڕێسای سیستمێکەوە بە ناوی R ڕێی لێ دەگیرێت، چونکە بە ڕێسای سیتمێکی تر بە ناوی R کارەکە دەکات، یان لەو شوێنەدا کە ڕەوتی ئەو کردەیەی دوای کەوتوون، T، ناکۆکێک، ڕیگرێک، لاوازکەرێک یان هەر ڕەوتێکی کردەی دژبەر، لێ دەکەوێتەوە. ناکۆکیی لۆژیکیی شێوەیی (Formal) چەشنێک ناکۆکیی ناوەکییە کە لێکەوتەکەی بۆ بابەتێکی دیارینەکراو بەهاناسانەیە: « A و A_» ڕەوتی کردە (یان باوەڕ) لاواز دەکات.

لە نەریتی مارکسیستیدا ناکۆکییە دیالێکتیکییەکان هەم بەرامبەر بە A) بەرامبەرەکان (oppositions) یان لێکدژە تایبەتەکان یان «ڕاستەقینە» (ناکۆکیی ڕاستەقینەی کانت) باس و وەسف کراون، چونکە سنوور یان جەمسەرەکانیان یەکتر بە گریمان دەکەن، بە جۆرێک کە بەرامبەرییەکی گشتگیر پێک دەهێنن و هەم B) بەرامبەرییە لۆژیکییە شێوەییەکان، چونکە پێوەندییە دەخیلەکان وابەستەی واتا (یاخود ناوەڕۆک)ن و نەک تەنیا شێوەیی یان فۆرماڵ بە جۆرێک کە نەفیی A ئەنجامەکەی بتڵانی ئەبستراکت و دەرهەستی بێت، بەڵکوو ئەنجامەکەی سازدانی ناوەرۆکێکی نوێ، باڵاتر و گشتگیرتر دەبێت. ئەو شتەی پێوەندیی بە بەرامبەریی یەکەمەوە هەیە، ناواخنی «یەکیەتیی ناکۆکییەکان»ە کە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی کۆی دیالێکتیکی بووناسانەی مارکسیستییە لە ئەنگڵسەوە تا ماوتسێ تۆنگ. ئەو شتەی پێوەندیی بە دووهەمیانەوە هەیە ناواخنەکانی «نەفیی دیاریکراو»، ڕەخنەی ناونیشین و کشتی کەرەوەیە کە بە تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی دیالێکتیکی پێوەندیانە یان پەیوەنددارانە دادەنرێت لە لۆکاچەوە تا سارتر. لە هەر دوویاندا ناکۆکییە دیالێکتیکییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراو بەرهەست و هەستپێکراون.

لە نووسینە ئابوورییەکانی خولی پێگەیشتوویی مارکسدا، چەمکی ناکۆکی بە کار دەبرێت تاکوو بۆ نموونە دیاری بکات: a) نابەردەوامییە لۆژیکییەکان یان ناهاوبەستییە تیۆرییەکانی نێو بەڵگاندنێک، b) بەرامبەرییە دەرە بەڵگاندنییەکان [یان ئەو بەرامبەرانەی لە دەرەوەی بەڵگاندنن]، بۆ نموونە دان و داواکاری بەو شێوەی کە هێزەکان یان ئەو ئاراستانە دەکاتە پێویست کە خاوەن سەرەتاکان و سەرچاوەگەلی (تا ڕادەیەک) سەربەستن کە وەها لەگەڵ یەکدی خاوەن کردەی دوو لایەنەن کە کاریگەری و لێکەوتەکانیان_ لە هاوسەنگییەکی چرکەئاسا (temporal) یان نیمچە بەردەوام_ بەرەو پووچەڵکردنەوەی یەکتر دەچن، c) ناکۆکییە دیالێکتیکییە مێژووییەکان (یان کات دار)، و d) ناکۆکییە دیالێکتیکییە بونیادییەکان (یاخود سیستماتیک).

جۆری (c) پابەندە بەوەی کۆمەڵێک هێز بە سەرچاوەگەلی ناسەربەخۆ وەها کار بکەن کە هێزێک بەناوی f چ مەیلە و بەرهەمهێنان بێت و چ بۆ خۆی بەرهەمی بارێک بێت کە بە شێوەیەکی هاوکات یان پاشتر، هێزێکی بەرامبەر لە ژێر ناوی f, بە دی بهێنێت کە بەرەو بەتاڵکردنەوە، بتڵان، ئاوەژووکردنەوەی یان گۆڕاندنی f بڕوات. نموونەی وا ناکۆکیگەلێک ناکۆکییەکانی نێوان پێوەندییەکان و هێزە بەرهەمهێنەرەکان و نێوان سەرمایە و خەباتی ڕیکخراوی چینی کرێکارە. ئەم چەشنە ناکۆکییە مێژووییانە بنەماکەیان کاکۆکییە بونیادییەکانی سەرمایەدارییە (d)، کە هەر لە سەرەتاوە باری فۆرماڵ و شێوەیی ئەگەرداریان دەستەبەر و فەراهەم دەکات. بۆ مارکس گرینگترینی ئەو ناکۆکیانە، ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە دیاریکراوە سوودبەخەکان و لایەنە کۆمەڵایەتی ئابستراکتەکانی کار و نێوان بەهای بەرخۆری و بەهای دانوستاندنییە_ کە ڕێک لە جیاوازیی نێوان شێوەکانی بەهای ڕێژەیی و هاوتدا خۆی دەر دەخات و لە ناکۆکیی نێوان

کاڵا و پارە و کاری کرێ گرتە و سەرمایەدا جیسمانی دەرەکی پەیدا دەکات [یان خۆی دەبینێتەوە].

کۆی ئەم ناکۆکیانە «دیالێکتیکی»ن، هەم (a) چونکە بەرامبەرە گشتگیرە ڕاستەقینەکان پێک دەهێنن، هەر بەو جۆرەی کە سنوورەکانیان لە ڕووی وجوودی/ بوونەوە یەکتر گریمان دەکەن و هەم (B) چونکە یان بە شێوەیەکی سیستماتیک یان لە ناوەوە پێوەندییان بە شێوەیەکی ڕازاوی (mystifying)ی دیارکەوتن (appeance)ەوە هەیە.

ناکۆکییە دیالێکتیکیەکانی جۆری (c) و (d) لە مارکسدا هەم تایبەت بە بابەت و هەم بەپێی ئەزموون. سەرباری هەموو ئەمانە، ڕاستە هێڵێکی ڕەخنە هەم لە ئەندیشەی مارکسیستی و هەم لە ئەندیشەی نامارکسیستی (لە بێرنشتاینەوە تا کولیەتی) هەیە، کە پێی وایە چەمکی ناکۆکیی دیالێکتیکیەکان لە واقیعدا بە (یەک) لۆژیکی شێوەیی و بەڵگاندنی هاوبەست یان (دوو) پراکتیکێکی زانستی و ماتریالیزمدا ناتەبایە. وەها نییە، چونکە بەرامبەرە گشتی و گشتگیرەکان، چ لە نێو بوون (هەڵی سەنگێنن لەگەڵ (a)) و چ لە لەنێوان بوون و ئەندیشە (هەڵی سەنگێنن لەگەڵ (B)) هەم دەکرێت بە شێوەیەکی هاوبەست وەسف و پێناسە بکرێت و هەم لە ڕوانگەی زانستییەوە ڕوون بکرێتەوە. مەگەر ئەوەی کە ناکۆکییەکان بیگرنە ئەستۆ کە (بە جیایی لە وەسفکراو) لادانێک ڕووی داوە لە پرەنسیپی مەنعی ناکۆکی (principle of non-contradiction)دا و بە مەرجێک کە ئەندیشە لە واقیعێکی تۆێدار (نەک جیسمانکراو (no thypostatized)) بگونجێنرێت، خەسڵەتی بەشتبوون (fetishistic) یان بە گوتەیەکی تر خەسڵەتە ڕووتە ڕازاوی (mystifying) یەکەی هیچ چەشنە بێمانایەکی زانستی ناکاتە پێویست. (هەروەها بڕواننە ناسین، تیۆریی).

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە پاسکار، ڕۆی، 1986، کولیەتی لووچۆ b1975 گودلیێ، ئێم. 1966 (1972)، لۆکاچ، جەی. 1923 (1971).

ڕۆی باسکار

## دابەشکردنی کار
## (division of labour)

مارکس دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بە «گشتیەتیی شێوە ناهاوجۆرەکانی کاری کەڵکدار، کە لە ڕووی نەزم، جنس، چەشن و جۆراوجۆرییەوە جیاوازن لە یەکتر» (سەرمایە ب 1، چ 1) پێناسە دەکات. ئەو کات دەڵێت کە ئەم دابەشکردنی کارە مەرجی پێویستی بەرهەمهێنانی کاڵاییە، چونکە بەبێ کارە بەرامبەرە وابەستەکان کە جیا لە یەکتر دەکرێن کاڵایەک لە ئارادا



**کاکڵی سەرەکیی شیکاریی مارکس لە سەرمایەداری سەلماندنی ئەمەیە کە بەرهەمەکانی کاری مرۆڤ چلۆن و بۆچی بە سەر بەرهەمهێنەران خۆیاندا زاڵ و باڵادەست دەبن**

نییە کە لە بازاڕدا دانوستاندنیان پێ بکرێت، بەڵام پێچەوانەی ئەمە ڕاست نییە، بەرهەمهێنانی کاڵایی مەرجی پێویستی بوونی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی نییە، کۆمەڵگا سەرەتاییەکان خاوەن دابەشکردنی کار بوون، بەڵام بەرهەمەکانیان نەدەبوونە کاڵا. لێرەوە و لەمە گرینگتر، دابەشکردنی کارێک لە کارخانە ئەنجامی کاری ئەو کرێکارانە نییە کە داپەرژێنەسەر دانوستاندنی بەرهەمە تاکییەکانی خۆیان. لێرەوە دەر دەکەوێت کە دەبێت دوو دابەشکردنی کاری بەتەواوەتی جیاواز بخەینە بەر باسەوە [یان بیخوێنینەوە]. یەکەم، دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتییە کە بریتییە لە سیستمێکی ئاڵۆزی کۆی شێوە سوودمەند و جۆراوجۆرەکانی کار کە دەبێت جیا لە یەکتر بە دەستی بەرهەمهێنەرانی تایبەتی بکرێت، واتە دابەشکردنی کارێک لە دانوستاندن، نێوان سەرمایەدارانی تاک، سەربەخۆ و ڕکابەر (سەبارەت بە سەرمایەداری). دووهەم، دابەشکردنی کارە لە ناو کرێکاراندا، کە هەر یەکەیان کارێکی پاژەکی دەکات و کۆی ئۆپێراسیۆنەکە بە شێوەیەکی هاوکات دەکرێت، ئەوەی بەرهەم دەهێنرێت پرۆسەی کۆمەڵایەتیی کرێکاری جەمعییە. ئەم دابەشکردنی کارە لە بەرهەمهێناندا، لە نێوان سەرمایە و کار لە ناو پرۆسەی بەرهەمهێناندایە و گەرچی لە بەرامبەردا پێوەندیی بە دابەشکردنی کارەوە هەیە لە دانوستاندندا، سەرچاوەکان و ڕێگای پێگەییشتنی ئەم دابەشکردنە بەتەواوەتی جیاوازن (بڕواننە سەرمایە، کاڵا، دانوستاندن، بەها).

بە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی یەکەم لەبەرچاو بگرین. ئەم دابەشکردنی کارە لە کۆی جۆرەکانی کۆمەڵگادا بوونی هەیە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیگەلێک کە لە فیزیۆلۆژیای مرۆییدا هەیە، ئەو جیاوازیانەی بۆی بەکەڵکن تاکوو ئەو ئامانجە تایبەتانە پێش بخەن کە پشتبەستن بەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە تایبەتانەوە کە باڵادەستن. زێدەباری ئەمە، کۆمەڵگا جیاوازەکان دەستیان بە کۆمەڵێک کەرەستەی بەرهەمهێنان و هەندێک کەرەستەی قووت و گوزەرانی جۆراوجۆر ڕادەگات و ئەم جیاوازییانە، هەر کە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەر یەک دەکەون، دەبێتە هۆی دانوستاندنی بەرامبەری بەرهەمەکان. بەم جۆرە، دانوستاندن لە نێوان و لە ناو یەکە کۆمەڵایەتییەکان (بنەماڵە، خێڵ، گوند، کۆمەڵ یان هەر شتێکی تر) پاڵنەرێک بۆ تایبەتکاری/تایبەتیکردنەوە (specialization)ی بەرهەمهێنان و هەروەها دابەشکردنی کار فەراهەم دەکات. سەرباری ئەمانە، بە پێگەییشتنی سەرمایەداری، بەرهەمەکان وردەوردە دەبنە کاڵا و دابەشکردنی کار لە ناو پرۆسەی بەرهەمهێناندا، کە ئافرێنراوێکی بەتایبەتی سەرمایەدارانەیە، سەر هەڵدەدات و بە دابەشکردنی کار کۆمەڵایەتی بە شێوەکەی تر دەکەوێتە کردار و پرچەکردارەوە. هەوڵدان بۆ نرخدانان و هەروەها زێدەبایی (بڕواننە کەڵەکەکردن)، بەرهەمهێنانی پیشەسازییە دەستییەکانی پێشووی سەربەخۆیان دەتوێنێتەوە لە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی شوێنداری یەکەی ژێر چاودێری و باڵادەستیی سەرمایە، بەم شێوەیە، دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێناندا لە ڕێگەی [قوربانی کردنی] دابەشکردنی کارەوە باڵا دەکات. هاوکات، بەرهەمهێنان لە پرۆسەکانی کاری دەسنیشانکراودا بە سەر توخمە پێکهێنەرەکانیدا دابەش دەبێت و هەر یەکە دەبێتە پرۆسەیەکی بەرهەمهێنانی جوودا و جیاواز، بەڵام ئەو هێزە بەرهەمهێنەرانەی کە سەرمایە پێیان دەگەیەنێت ئەوەندە گەشە دەستێنن کە هەر دوو دابەشکردنی کارەکە پەرە دەستێنن و بەردەوام ئەو هێڵانەی کە لەنێوانیاندا کێشراون سنووردار دەکەنەوە و پێیدا دەچنەوە. لێرەوە، ناچاریی کەڵەکەکردنە بونیادی دابەشکردنی کاری سەرمایەداری بە دی دێنێت نەک ئەو سنوورانەی کە بازاڕ دای دەسەپێنێت. (بڕواننە هاوکاری، پرۆسەی کار، بەرهەمهێنانی کارگەیی (مانۆفاکتۆر)).

سەرەڕای ئەم کردار و پەرچەکردارە بەردەوامانە، ئەو تایبەتیکردنەوەی کە لە ژێر چاودێریی سەرمایەداریدا بە ڕێوە دەچێت چەشنەکەی گەلێک جیاوازە لەو شتەی لە دانوستاندنی نێوان سەرمایە جیاوازەکاندا ڕوو دەدات. یەکەم، دابەشکردنی کار لە دانوستاندندا تەنیا پرۆسەکانی بەرهەمهێنانی جیاواز پێکەوە جۆش دەدات کە تا ئەو شوێنەی بوونیان هەیە کە ئەم پرۆسانە کاڵا بەرهەم دەهێنن، کارە جیاوازەکان تەنیا لە ڕێگەی بەرهەمی ئەو کارانەوە لە کاڵادا جۆش دەخۆن. جۆشخواردنێک کە تەنیا لە چالاکییەکانی کڕین و فرۆشتندا دێتە دی. بە پێچەوانەوە، لە دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێناندا هیچ کرێکارێک بە تەنیا کاڵا بەرهەم ناهێنێت، هەر کرێکارێک تەنیا بەشێکی پێکهێنەری کرێکاری کۆیی و کۆی گشتیی چالاکییە تایبەتییەکانە. تاقە چالاکیی کڕین و فرۆشێک کە ڕوو دەدات کڕینەکانی سەرمایەدارە لە هێزی کاری هەندێک لە کرێکارانی پێویست. دووەم، دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگادا پێویستی بە دابەشکردنی بەربەرینی کەرەستەکانی بەرهەمهێنانە لە ناو ژمارەیەکی فراوانی بەرهەمهێنانی سەربەخۆدا، بەڵام دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێناندا، چڕبوونەوەی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان وەک سامانی تایبەتیی پاوانکراوی سەرمایەدار بە گریمان وەردەگرێت.

سێهەم، شێوازێک کە تێیدا دوو دابەشکردنی کار ڕێک دەخرێن بە تەواوەتیی جیاوازە. سەبارەت بە دابەسکردنی کار لە کۆمەڵگادا، ئەوەی مارکس پێیدەگوت «یاریی ڕووداو و هەوەس» (سەرمایە ج 1، چ 1) کاریگەریی دەسەڵاتی خۆیان هەیە و ئەنجامەکەی دابەشکاریی بە ڕواڵەت سەربەستانەی سەرمایەکانە لە نێوان لقە جۆراوجۆرەکانی کاری کۆمەڵایەتیدا. گەرچی هەموو سەرمایەدارێک پێویستیی بەرهەمهێنانی مەسرەفی سنووورداری دەکاتەوە و لە کۆتاییدا تێبینەکانی قازانجداری سنووورداری دەکاتەوە، ئەم سنووردار کردنەوانە تەنیا لە ڕێگەی نەوەستانەکانی نرخ کاریگەریی لە سەر سەرمایەدار دادەنێن. لێرەوە، دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، لە ڕێگەی پرۆسەی ڕکابەری، بە شێوەیەکی پاشەکی پتەو و قایم دەبێت. بە پێچەوانەوە، «ڕووداو و هەوەس» لە هێچ ڕوویەکەوە کاریگەرییەکی نییە لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا، هەر کرێکارێک خاوەن کارکردێکی دیاریکراوە کە بە ڕێژەگەلی جۆراوجۆر لەگەڵ باقیی کرێکاران و ئامرازەکانی بەرهەمهێناندا تێکەڵ دەکرێت. سەرمایەدار دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێناندا پلاندار، تەنزیم و چاودێریی دەکات، چونکە دابەشکردنی کار مێکانیزمێکە کە هیی سەرمایەیە وەک سامانە تایبەتییەکەی، لێرەوە، بە شێوەیەکی پێشینی لە ڕێگەی هێزی زۆرداری سەرمایەوە پتەو و قایم دەبێت. مارکس بەو ئەنجامە دەگات کە «لە کۆمەڵگایەکدا کە شێوازی بەرهەمهێنان باڵادەست دەبێت، پشێوی لە دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی و دیسپۆتیزم لە دابەشکردنی کاری بەرهەمهێنەرانانە بە شێوەیەکی بەرامبەر یەکتر مەرجدار دەکەنەوە» (سەرمایە ب 1، چ 14). ئەوەی سەبارەت بە بەرهەمهێنانی دەستی ڕاستە پتر سەبارەت بە بەرهەمهێنانی ماشینی ڕاستە، کە تێیدا ئەو پرۆسەیەی کە لە ڕێگەیەوە کار دەبێت ملکەچی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان لەو پەڕی خۆیدا دێتە دی (بڕواننە ماشینەکان و بەرهەمهێنانی ماشینی).

لە کۆتاییدا، ئەم ناتەباییەی نێوان «پشێوی» و «دیسپۆتیزم» ئایدیۆلۆژیای بورژوایی پتەو و پشتیوانیی دەکات. دابەشکردنی کاری ڕێکخراو لە بەرهەمهێناندا وەک ڕێکخراوێک کە هێزی بەرهەمهێنەرانەی سەرمایە زیاد دەکات ستاییش دەکرێت و بەرتەسکبوونەوەی هەموو تەمەنی کرێکاران لە ئۆپێراسیۆنی حیزبی، کە کۆی تواناکان و توانستەکانیان کوێر دەکاتەوە و ڕێگە لە گەشەیان دەگرێت، بەئاسانی نادیدە دەگیررێت، بەڵام هەر هەوڵێکی وشیارانە بۆ ڕێکخستنی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتیی شێواو، بۆ چاودێری و زاڵبوون بە سەریدا، بۆ



Louis Althusser

پلاندارکردنـی بەپێـی پێـوەرە کۆمەڵایەتییـە هاوبەسـتەکان، وەک دەسـتدرێژییەکی مەترسـیدار بـۆ سـەر پانتـای ئازادیـی تاکـی، مافەکانـی خاوەندارێتیـی تایبەتـی و داهێنانـی کردەکـی یـان کارداریـی سـەرمایەداری تـاک سـەرکۆنە دەکرێـت. لێـرەوە، ئایدیۆلۆژیـای بوورژوایـی حـەزی لەوەیـە دابەشـکردنی کار بەپێـی تەرخانکردنـی تاکـەکان بەسـەر پیشـەکان بەپێـی لەپێشـبوون و کارامەییـەکان (چ جەوهـەری و چ وەرگیـراو) شـی بکاتـەوە و تایبەتیکردنـەوە وەک سـەرچاوەی گەشـە و بەرهەمداریـی گەشـەکەر سـتاییش بـکات و بـە گشـتی دابەشـکردنی کار وەک بەرهەمداریـی پێوەندییـە ئابـووری و کۆمەڵایەتییـە تایبەتـەکان نادیـدە بگرێـت. بـەم چەشـنە، وتـەزاکان و دامـەزراوە مێژووییـە تایبەتـەکان پـتر بـە کاروبارێکـی هەمیشـەیی دادەنرێـن تاکـوو کاروبارێکـی چرکەیـی، لەوێـوە کـە پێشخسـتە تاکییـەکان و تەکنۆلۆژیـا بەرهەمهێنـەرەکان بـەردەوام

بوونیان هەیە، بەردەوام خستنە ژێر پرسیاری ئەم گوتانەی مارکس و ئەنگلس وەک هەڵێنجانێکی یۆتۆپیایی بێهیوابیانە ئاسانە کە: لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستی، کە تێیدا کەس خاوەن پانتاییەکی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵکوو هەموو کەسێک دەتوانێت لە هەر لقێکدا کە بیەوێت کارزان و کارامە بێت، کۆمەڵگا بەرهەمهێنانی گشتی ڕێک دەخات و لێرەوە بۆ من ئەم ئەگەرە هەیە ئەورۆ کارێک بکەم و بەیانی کارێکی تر، شەوان ڕاو بکەم، پاش نیوەڕۆ ماسی بگرم، ئێواران ئاژەڵداری بکەم، شەوان ڕەخنە بگرم_ بەو جۆرەی دڵخوازمە_ بێ ئەوەی هەرگیز ببمە ڕاوچی، ماسیگر، شوان یان ڕەخنەگر. (ئایدیۆلۆژیای ئەڵمانی، ب 1، ب IA1).

سەرباری ئەمانە، وەها ڕەخنەگەلێک بە تەواوی تووشی بەهەڵە تێگەییشتنە. کاکڵی سەرەکیی شیکاریی مارکس لە سەرمایەداری سەلماندنی ئەمەیە کە بەرهەمەکانی کاری مرۆڤ چلۆن و بۆچی بە سەر بەرهەمهێنەران خۆیاندا زاڵ و باڵادەست دەبن، کار بابەتیبووەوەی هەبوو وەک سەرمایە چلۆن لە ڕێگەی یاسا بە ڕواڵەت بابەتییەکانی دان و داواکاری سوڵتەی خۆی بەسەر کاری کاری زیندوودا دەسەپێنێت. یەکێک لە لێکەوتە لۆژیکییەکانی ئەمە ئەوەیە کە کۆمەڵگا دابەشکردنی کارێک بە سەر کۆمەڵێک تاکدا دەسەپێنێت کە خودی ئەو کۆمەڵگایە بە دی دەهێنن. هەڵبەت بەرهەمهێنان بەردەوام بریتییە لەو چالاکییەی کە کار لە بەرهەمدا [وێنا و] جیسمان دەکات، سەرباری ئەمە ئەو پێوەندییە چینایەتییەی کە بەو پێیە وەها باتیبوونەوەیەک ڕوو دەدات بۆ دیاریکردنی ئەمە چارەنووسسازە کە: مادامێک کە کەلێنێک لە نێوان بەرژەوەندییە تایبەتەکان و بەرژەوەندییە گشتییەکاندا بوونی هەیە و پاشان مادامێک کە چالاکیی خۆویستانە نییە، بەڵکوو دابەشکراوە، کار و کردەی مرۆڤ خۆی لە پێوەندیدا پێوەی دەبێتە هێزێکی نامۆ کە لە بریی ئەوەی بکەوێتە ژێر چاودێری و باڵادەستیی ئەوەوە دەیکاتە کۆیلە... ئەم سەقامگیرییەی چالاکیی کۆمەڵایەتی، ئەم پتەوکردنەی ئەو شتەی بۆ خۆمان بەرهەممان هێناوە وەک هێزێکی مادیی بە سەر سەری خۆمانەوە یەکێک لە فاکتەرە گەورەکانە لە پێگەییشتنی مێژوویدا تا هەنووکە. (هەمان سەرچاوە).

ئەمە یەکێک لە بەراوەژووییە جەوهەرییەکانی سەرمایەدارییە کە بەو پێیە ئەوەی سووژەیە دەبێتە ئۆبژە، پێچەوانەکەی. لە دەرەنجامدا، مارکس و ئەنگلس لەناوچوونی دابەشکردنی کار بە یەکسان دەزانن لەگەڵ لەناوچوونی پێوەندییەکانی خاوەندارییەتیی تایبەتی، خەڵک تەنیا ئەو کاتە ئازاد دەبن کە چاودێر و زاڵ بن بە سەر بەرهەمهێنان و دانووستاندندا و شیاوانە ئەم دوو بەستێنە پلاندار بکەن و بەرنامەڕێژی بۆ بکەن. بە لەناوچوونی فۆرمی دانوستاندن تابەتمەندییەکانی کار چیتر وەک تابەتمەندییە بابەتییەکانی بەرهەمەکانی کار، وەک پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان ئۆبژەکان دیار ناکەوێت، کە جووڵەکانی بە سەر بەرهەمهێنەران خۆیاندا زاڵ و باڵادەست بێت.، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەن بەراوەژووییە ڕاستەقینانە، لەگەڵ لەناوچوونی ئەو دابەشکردنی کارەی کە بنەماکەی خاوەندارییەتیی تایبەتییە، لە ناو دەچن.

ڕوونە کە لەبەر ئەوەی کە باری مادیی ژیانی مرۆڤ بەردەوام بتوانێت درێژە بە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە بدات، چەشنێک دابەشکردنی کار پێویستە. ئازادیی ڕاستەقینە تەنیا لە دەرەوەی پانتای بەرهەمهێنانی ڕاستەقینە ئەگەرداره، لە بەرهەمهێناندا ئازادی: تەنیا دەتوانێت بنەماکەی مرۆڤی کۆمەڵایەتیکراو و ئەو بەرهەمهێنەرە یەکگرتوانە بێت کە دانوستانی خۆیان لەگەڵ سروشت بە شێوەیەکی عەقڵانی ڕێکدەخەن و لە بریی ئەوەی کە سروشت لە پۆستاڵی هێزە کوێرەکانی سروشتدا بەسەریاندا زاڵ بێت، سروشت بخەنە ژێر زاڵیەتی و باڵادەستیی هاوبەشی خۆیانەوە و دەستیاب بەم ئامانجە بە کەمترین تێچووی توان و

وزە و لە بارودۆخێکدا ڕابگات کە لەو پەڕی خۆیدا تەبا و گونجاو بێت لەگەڵ جەوهەری مرۆییاندا. (سەرمایە ب 3، چ 48).

بەم جۆرە، لە بریی ئەوەی کە «دیسپۆتیزم» بەرایی دابەشکردنی کار لە بەرهەمهێناندا بگرێت، ئەم دابەشکارییە بە دەستی بەرهەمهێنەران خۆیان دەکەوێتە ژێر باڵادەستی و چاودێریی پلانداری دێمۆکراتیکەوە. لە بریی ئەوەی «بشێوی» لەغاوی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی بە دەستەوە بگرێت، «کۆمەڵگا... دەبێت کاتەکەی بە شێوەیەکی ئامانجدار تەوزیع بکات، بەو مەبەستەی بگاتە بەرهەمهێنانێک کە بەشی پێداویستیە پێویستەکانی بکات، هەر بەوجۆرەی کە تاک دەبێت کاتەی بە شێوەیەکی درووست تەوزیع بکات تا بتوانێت بگاتە ڕەهەندگەلێکی شیاوی ناسین یاخود بەم مەبەستەی کە پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی چالاکییەکانی مسۆگەر بکات. (گرۆندریسێ، «چاپتەری دەربارەی پارە»).

ئەگەرەکانی ڕوە و پەرەسەندنی ماشینەکان و بەتایبەت ئۆتۆماسیۆن، لە پێوەندییە بەرهەمهێنەرە کۆمەڵایەتیکراوەکاندا، وەها ئەگەرێک بۆ دەسپێوەگرتنێک لە کات لە بەرهەمهێناندا فەراهەم دەکات کە بۆ یەکەم جار «پانتای ڕاستەقینەی ئازادی» لە دەرەوەی بەرهەمهێنانی مادی بە دی دەهێنێت کە «ئەو پشکووتن و توانستە مرۆییە کە ئامانجێکە لە خۆیدا» دەگرێتەوە (سەرمایە، ب 3، چ 48). ئەو کات سەروکارمان دەبێت لەگەڵ: پشکووتنی ئازادانەی تاکایەتییەکان و نەک بە دابەزاندنی کاری پێویست بەو جۆرەی کە بتوانێت بەهای زیادە پێشکەش بکات، بەڵکوو بە دابەزاندنی گشتیی کاری پێویستی کۆمەڵگا بۆ لانی کەمی خۆی، کە لەو حاڵەتەدا تەبا دەبێت لەگەڵ پشکووتنی هونەری، زانستی و... تاکەکان لە کاتی ڕابواردن و بەو کەرەستانەی کە بۆ هەموان بە دی دێت. (گرۆندریسێ، «چاپتەری دەربارەی سەرمایە»).

وەها دابەشکردنی کار لە ناو دەچێت. (هەروەها بڕوانە کۆمۆنیزم).

**سایمۆن مون**

## چڕبوونەوە و وێکهاتنی سەرمایە
## centralization and concentration of capital

سەرمایە دوو لایەنی جیاواز و لێکجیای هەیە. سەرمایە لە پێوەندیدا بە پرۆسەی کارەوە وەک زۆرینەیەکی چڕی کەرەستەکانی بەرهەمهێنان بوونی هەیە، کە فەرماندەریی ئەرتەشێکی کرێکاران دەکات و لە پێوەندیدا بە سەرمایەداریی تاکەوە، سەرمایە دەرخەری ئەو بەشەی سامانی کۆمەڵایەتییە کە لە سەر دەستی ئەو وەک سەرمایە چڕ بوەتەوە. وەک خۆی کاریگەریی لە سەر ئەم لایەنانەی سەرمایەیش دوو پرۆسەی جیاواز بە شێوەی جیاواز دادەنێن: پرۆسەی چڕبوونەوە لە ڕێگەی کەڵەکەکردنەوە کە مارکس ناوی دەنێت چڕبوونەوەی سەرمایە و پرۆسەی زیادکردنی چڕبوونەوە لە ڕێگەی ڕکابەری و کریدیتەوە، کە ناوی دەنا وێکهاتنەوەی سەرمایە.

کەڵەکەکردن بریتییە لە سەرمایەگوزاریی دووبارەی قازانج بە مێتۆدگەلی نوێ و بەهێزتر. مێتۆدگەلی نوێتر پابەندە بە لانی کەمی بارستایی گەشەکەری سەرمایەگوزاری و ڕێژەی گەشەکەری ئەو سەرمایەی کە سەبارەت بە هەر کرێکارێک سەرمایەگوزاری دەکرێت_ ولەم ڕووەوە چڕبوونەوەی پتری سەرمایە دەبێتە بەرامبەری پرۆسەی کارەوە. هاوکات، ئەگەرچی کەڵەکردن مەیلە و زیادکردنی بڕی سەرمایەی سەرمایەداری تاکە، دابەشکردنی سامان لە ناو ئەندامانی بنەماڵەیەک، جیابوونەوەی سەرمایە تازەکان لە سەرمایەی کۆن و لەدایکبوونی سەرمایە نوێیەکان، هەموویان مەیلە و زیادبوونی ژمارەی سەرمایەداران خۆیان و لەم ڕووەوە مەیلەو کەمکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتیی چڕەوەبوون لە دەستی هەر یەکە لە سەرمایەدارەکاندا. کەڵەکەکردن لە پێوەندیدا بەم فاکتەرە دواییانەوە تا

ڕادەیەک خاو دەبێتەوە و دوا کاریگەریی لە سەر خاوەندارێتی بەرەو چڕبوونەوە دەڕوات. بەم پێیە، بە لەبەرچاوگرتنی کۆی لایەنەکان، کەڵەکەکردن لە پرۆسەی کاردا سەرمایە چڕ دەکاتەوە، بەڵام بەرەو سڕینەوەی چڕبوونەوەی خاوەندارێتییەکەی دەڕوات.

لە لایەکی ترەوە، ڕکابەری و کریدیت چڕبوونەوە زیاد دەکات لە هەر دوو سەنگەرەکەدا. ڕکابەری سەرمایەگوزارییە قەبەکانی هەیە چونکە ئەم چەشنە سەرمایانە پابەندن بە تێچووەکانی بەرهەمهێنانی کەمترەوە لە حاڵێکدا کە سیستمی کریدیت ئەو ئەگەرە بە سەرمایەدارەکان دەدات تاکوو [بڕە پارە] گەورە پێویستەکان بۆ سەرمایەگوزاری کۆبکەنەوە. بەم جۆرە، چڕبوونەوەی سەرمایە لە پرۆسەی کاردا گەلێک خێراتر لەوە دەڕوات کە کەڵەکەکردنی سەرمایە بە تەنیا ڕێگە دەدات. لە عەینی حاڵدا، لەوێوە کە ڕکابەری سەرمایەدارانی لاوازتر لە ناو دەبات و سیستمی کریدیت بەهێزەکان بەهێز دەکات تاکوو لاوازەکان قووت بدەن، بەهێزەکان بەرەو کۆکردنەوەی خاوەندارێتیی ئەو سەرمایانە دەڕۆن کە پتر دەپەرژێنە سەر قەرەبووکردنەوە و سازدانەوەی ئاراستەکانی سڕینەوەی چڕبوونەوە (decentralizing) کە تەنیا پێوەندییان بە کەڵەکردنەوە هەیە.

بەم پێیە، بە شێوەیەکی گشتی، سەرمایەداری هاوشانی سەرمایەسازیی بەرهەمهێنان و هەروەها وێکهاتنەوەی زیاتری خاوەندارێتیی سەرمایەی کۆمەڵایەتییە (سەرمایە ب 1، چ 23، سەرمایە ب 3، چ 15، تیۆرییەکانی بەهای زیادە، ب 3). لە شیکاریی مارکسدا ئەم دوو دیاردەیە سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ خەباتی ڕکابەری و وەک خۆیان بە کەڵکن بۆ تووند و کرژکردنەوەیان. سەرباری ئەمانە، لە ئابووریی بوورژواییدا، چەمکی ڕکابەریی «تەواوەتی» یان «ڕووت» بەتەنیا دەلالەتە لەمەی کە هەر چەشنە چڕبوونەوە یان وێکهاتنێک دژی ڕکابەرییە. هەر کە کەسێک ئەم تێگەییشتنە بوورژواییە لەگەڵ واقیعی ڕکابەری لە سەرمایەداریی سەرەتایی و / یاخود لەگەڵ شیکارییەکەی مارکسدا بە یەکسان بزانێت، واقیعی مێژوویی چڕبوونەوە و وێکهاتنی زیاتر بەڵگەی ئاشکرای تێکشکانی ڕکابەری، سەرهەڵدانی ڕکابەریی «ناتەواو»، وەک پاوانکاری چەند جەمسەری (oligopoly) و پاوانکاری (monopoly) دەر دەکەوێت. لە ئابووریی مارکسیستیدا، نەریتی باڵادەست و زاڵ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هیلفێردینگ و کالیسکی، ستیندل، باران و سویزی پەرەیان پێ دا و پێیان گەیاند، ڕێک دەپەرژێتە سەر ئەم یەکسانکردنەوە دووئەوەندە (double identification) یە. ئەمە وای لە لایەنگرانی ئەم ڕوانگەیە کرد تاکوو بەڵگاندن بکەن کە سەرمایەداریی مۆدێرن لە کۆتاییدا لێکەوتەکانی هاوسەنگیی هێزی نێوان مۆنۆپۆلکاران، کرێکاران و دەوڵەت تەنزیمی (regulated) دەکات (بڕواننە قەیرانە ئابوورییەکان). لە ڕوانگەی دژبەرەوە، ڤارگا (1948) و هەندێک لە نووسەرانی دواتر بەڵگاندنیان کردوە و بەڵگەیان هێناوەتەوە کە چڕبوونەوە و پێکهاتن لە بریی ئەوەی ڕکابەری نەفی بکاتەوە، لە ڕاستیدا گرژ و توونددیان کردوەتەوە و ئەمەی کە بەڵگە ئەزموونەکییە لە بابەت قازانجاری، ڕاستییەکەی پاڵپشتییەکە بۆ تیۆریی ڕکابەریی مارکس (کلیفتۆن 1977، شەیخ 1982). دەبێت بە بیری بهێنینەوە کە هەر دوو لا، لێنین بە بەڵگە دەهێننەوە بۆ بانگەشەکەیان. پێویست بە گوتن ناکات کە ئەم باسە خاوەن ماناگەلی شاراوەی گەلێک گرینگە بۆ شیکاریی سەرمایەداریی مۆدێرن و قەیرانەکانە هەبووەکان.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە کلیفتۆن، جەیمز 1977، شەیخ، ئەی. 1982، ڤارگا، ئی 1948.

**ئەنوەر شەیخ**

## تەنزیم

**(regulation)**

«بۆچوونی تەنزیم» (regulation approach) یەکەم جار لە میانەی دەیەی 1970دا لە هەندێک ئابووریناسانی فەرەنسی بە کۆمەڵێک ئاخێزگەی مارکسیستییەوە ڕۆیان نا کە بریتین لە میشێل ئاگلیتا، ڕوبێر بوایە و ئالێن لی پیتز. ئێستا، بۆچوونی تەنزیم دژە کردەوەیەکە بەرامبەر ئاراستەگیریی بونیادگەرای قوتابخانەی ئاڵتوسێری (بڕواننە ئاڵتوسێر، بونیادگەرایی). ئاراستەگیریی ئاڵتوسێری جەخت لە سەر بەرهەمهێنانەوەی ئۆتۆماتیکی و ناشەخسیی سەرمایەداری دەکات، لە حاڵێکدا ئەم بۆچوونە نوێیە جەخت لە سەر خەسڵەتی ناکۆکیی سەرمایەداری، گرفتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان چاوەڕوانییەکان و پرۆژەی بەرەکان (agents) و پێویستیی هەنگاوی کۆمەڵگا بۆ ئامادەکاریی سازشێک بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی بۆ خولێکی زەمەنیی تایبەت دەکاتەوە.

لێرەوە، «تەنزیم» دەلالەتە لە شێوازێک کە سیستمێکی کۆمەڵایەتی سەرەڕای ناکۆکییەکانی و لە ڕێگەی ناکۆکییەکانیەوە بەرهەم دەهێنێتەوە. شێوازەکانی تەنزیم هێدی هێدی (لە ڕێگەی قەیرانەکان و خەباتە کۆمەڵایەتییەکانەوە) لە بەردەم گۆڕاندان. بەم جۆرەیە کە سەرمایەداری لەگەڵ زنجیرەیەک سەرچەشنی پەرەسەندن (patterns of development) دا ڕووبەڕوو دەبێتەوە کە دەبێت لە سێ گۆشە نیگای جیاوازەوە شی بکرێتەوە:

(1) وەک مۆدێل (یان پارادایم) پیشەسازیکردنەوە: پرەنسیپە گشتییە زاڵەکانی پێگەییشتنی ڕێکخراوەی کار لە درێژەی خولی باڵادەستبوونی مۆدێلدا.

(2) وەک ڕژێمی کەڵەکەکردن: پرەنسیپە ماکرۆ ئابوورییەکان کە دەپەرژێتە سەر وەسف و وێناکردنی سازگاری لە درێژەی خولێکی بەردەوامی گۆڕانکارییەکان لە دۆخی بەرهەمهێنان لە جۆرەکانی کەڵکوەرگرتن لە دەرەنجام (output)ی کۆمەڵایەتی.

(3) وەک مۆدێلی تەنزیم: ئەو شێوازەی کە چاوەڕوانییەکان و ڕەفتارە پێکناکۆکەکانی بکەرانی تاک لەگەڵ پرەنسیپە جەمعییەکانی ڕژێمی کەڵەکەکردندا هاوتەکن و دێنەوە. ئەم فۆرمانەی هاوتەکی (forms of adjustment) دەتوانێت ڕەفتارە کەلتووری و هەروەها تایبەتمەندییە سەقامگیرەکان (institutional)ی وەک یاساکان، ڕێککەوتننامەکان و هتد بێت.

بەم پێیە، ڕژێمی کەڵەکەکردن وەک دەرەنجامی گەورەی ئابووریی کارکردەکانی شێوازی تەنزیم دیار دەکەوێت کە بنەماکەی مۆدێلی پیشەسازیکردنەوەیە. تەنزیمگەراکان بە بەکارهێنانی زاراوەیەک کە یەکەم جار گرامشی هێنابوویە ئاراوە مۆری «فۆردیزم»یان لە سەرچەشنی هێژێمۆنیکی پەرەسەندنی پاش جەنگی جیهانیی دووەمدا. پارادایمی پیشەسازیی ئەم ڕوانگەیە پرەنسیپە تەیلۆریستییەکانی عەقڵانیکردنەوە لە ڕێگەی جیایی نێوان پلانداناں و بەڕێوەبردنی کار و ماشینی کردنەوەی بەردەوام دەگرێتەوە. لێرەوە، تەیلۆریزم دەگاتە «ملکەچییەکی ڕاستەقینە» (real subordination)ی کار لە سەرمایە تا ئاستێکی بێوێنە. سەرباری هەموو ئەمانە، تەنزیمگەراکان لەو باوەڕەدان کە لە مۆدێلی « پۆست فۆردی» دا دەتوانین ناکۆکییەکانی پرۆسەی کار لە ڕێگەی دەستتێوەردان و بەشداریی ئەو کرێکارانەی کە پتر وتووێژیان لەگەڵ دەکرێت چارەسەر بکرێت. سەرەڕای ئەمانە، تەیلۆریزم دەستکەوتگەلێکی بەرچاوی لە وەبەرهێنانەوە چنییەوە کە قەیرانی بەرهەمهێنانی زیادەی دەیەی 1930ی لێ کەوتەوە. ڕێگە چارە (واتە زیادکردنی حەقدەستەکان) سەرەنجام لە درێژەی جەنگی جیهانیی دووەمدا سەر کەوت و ئەنجامەکەی ڕژێمێکی نوێ کەڵەکەکردن بوو کە لە خوارەوەدا باسی دەکەین:

(a) بەرهەمهێنانی زۆر (Mass) بە جەمسەربەندیکردنەوەی کارامەییەکان، گەشەی زۆری وەبەرهێنانەوە، ڕێژەی گەشەکەری سەرمایە_ دەرەنجام (لە بارستایی، بەڵام نەک لە بەهادا).



Antonio Gramsci

(b) دابەشکاری و تەوزیعی بەردەوامی بەهای زیادە [زێدەبایی]، لێرەوەیە کە داهاتی ڕاستەقینەی کرێگرتە هاوشانی وەبەرهێنان ڕوو لە زیاد بوون دەکات.

(c) لێرەوەیە کە ئاستی قازانج کەم تا زۆر نەگۆڕە [ و وەک خۆی دەمێنێتەوە]، لەگەڵ کاری تەواوەتیی توانستی بەرهەمهێنەرانە و هێزی کار.

بە گوتەیەکی تر، «سازانی فۆردیستی» بنەماکەی هاوتەکیی نێوان بەرهەمهێنانی زۆر و مەسرەف و بەرخۆریی زۆرە، بەڵام کام هێز دەتوانێت لە کۆتاییدا کاردارە تاکەکان ڕازی بکەن ئەم سازانە قبووڵ بکەن، کە لەگەڵ بەرژەوەندیی نێوان کاتی ئەواندا دێتەوە؟ ئەمە ئەرکی شێوازی تەنزیمی نوێیە کە لە پانتاییەکی زیاتر یان کەمتردا ئەمانەن:

(a) تەنزیمی کۆمەڵایەتی لە بابەت زیادکردنی لانی کەم حەقدەستەکان و میکانیزمی چەنەلێدانی جەمعیی بەهێز، کە کۆی کاردارەکان دەبزوێنێت کە هاوتەریب لەگەڵ دەستکەوتەکانی وەبەرهێنانەوەی نەتەوەیی زیادییە ساڵانەکان بۆ حەقدەستەکان تەرخان بکەن.

(b) سیستمی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی پێشکەوتوو تا ڕادەیەک هەموو حەشیمەت دەخاتە پێگەی بەرخۆرەوە، تەنانەت سەبارەت بە لاوازیی کاتی یان درێژماوە بۆ پارەپەیداکردن لە کاری خۆی: نەخۆشی، بێکاری، خانەنشینی و هتد.

(c) پاشەکەوتی پارەی کریدیتی کە بانکە ناوەندییەکان تەنزیمی دەکەن و بانکە تایبەتییەکان بەپێی پێویستییەکانی ئابووری (نەک هاوتەک لەگەڵ پاشەکەوتی زێڕ/ ئاڵتوون) دابەش و تەوزیعی دەکەن.

بەو جۆرەی دەیبینین، «فۆردیزم» سەرچەشنێکی پەرەسەندنی نەتەوەییە. دوای ئەوەی کە «تەنزیمگەراکان» «سەردەمە زێڕین»ەکەیان (لە ڕووی هەڵسەنگاندنی ئابووری و مێژووییەوە) خوێندەوە و پشکنیان، پەرژانە سەر توێژینەوەی هۆکارەکانی ئفلاس و تێکڕمانەکەی. یەکەم، پارادایمی تەیلۆری ناکۆکییە تایبەتەکانی خۆی دەر دەخات. دوەم، نێونەتەوەییکردنەوە شێوازی تەنزیمی دەخاتە تەنگەڵانەوە.

پاشان، تەنزیمگەراکان کارەکەیان بە تەنزیمی نێونەتەوەیی، هەوڵەکان بۆ سازدانی سەرچەشنگەلی نوێ و هتد پەرە پێدا. مێتۆدۆلۆژیای ئەوان پێشوازیی گەشەکەری لە لایەن توێژەرانی هەموو جیهان، بەتایبەت جوگرافیزانان، کۆمەڵناسان و مێژوونووسان لێ کرا کە



**ترۆتسکی چەمکی پەرەسەندنی ناڕێکی (کە مارکس و لێنین بە شێوەیەکی بەرفراوان بە کاریان هێنا) پەرە پێ دا تاکوو دیاردەگەلێکی ئاڵۆزتر بگرێتەوە ئەویش دیاردەی پەرەسەندنی ناڕێك و ئاوێتەیە**

ئەم ڕوانگەیە بۆ بەستێنگەلی نوێ و تازە پەرە پێ دەدا. سەرابری هەموو ئەمانە، ئەمە ئەنجامەکەی کۆمەڵێک خراپ تێگەییشتن بوو. دەردەنجامی بەرەی یەکەمی توێژینەوە («کەیسی فۆردیستی» (Fordist case)) پتر لەگەڵ مێتۆدۆلۆژیای بۆچوونی تەنزیمدا تێکەڵ دەکرێت. ئەم جەختەی کە دەبێت جۆرێک شێوازی تەنزیم هەبێت (بۆ سەرچەشنێک لە پەرەسەندن کە بتوانێت سەقامگیر بێت) ئەنجامەکەی ئەم فیکرە بوو کە شێوازی تەنزیم لە پێویستییە کارکردییەکانی سەرمایەدارییە. لە ڕاستیدا، پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان شێوازەکانی تەنزیمی نوێ و سەرچەشنە نوێکان لە جووڵەیەکی یەکدا «دادەهێنن»ەوە. جەختکردنەوەی تەنزیمگەراکان لە سەر پێویستیی جۆرێک سازانی کۆمەڵایەتی ئەنجامەکەی ئەمە بوو کە ئەوانە ڕێفۆرمیستن. لە ڕاستیدا، هەڵوێستە سیاسییەکانی تەنزیمگەراکان لە سۆسیال دیمۆکراسی میانەڕەوی تێدایە تا بزووتنەوە سەوزەکان.

سەرباری ئەمە، وا دەر دەکوێت کە بۆچوونی تەنزیم، وەک مێتۆدۆلۆژیایەک، بەکارهێنانێکی گەلێک بەربڵاوتری لەوە هەیە کە تەنیا لە تیۆریی مارکسیستیدا بگونجێنرێت. لە ڕاستیدا، «تەنزیم» ئەو کاتە گرینگە کە «ناکۆکی» و «دیالێکتیک» گرینگن و ئەم ڕاستکردنەوەیەکی گەورەیە کە ئەم بۆچوونی بە مارکسیزمی زیاد کردوە، بەڵام لە دۆخێکدا کە مارکسیزم تووشی ئاڵۆزی و پشێوییە، ئەمە زۆربەی تەنزیمگەراکانی وا لێ کردوە کە واز لە مارکسیزم بهێنن و بلکێن بە تەنزیمەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕواننە ئاگلیتا، میشێل 1973 (1979)، بوایە، ڕۆبێرت 1986، لی پیتز، ئالێن 1983، 1985.

**ئالێن لی پیتز**

### تۆتالیتاریزم
### (totalitarianism)

ئەو زاراوەی مارکسیستەکان زۆر کەم بە کاری دەهێنن و یەکەم جار زانستڤانانی زانستە سیاسییەکان لە دەیەی 1920 لە وەس و وێناکردنی ڕژێمی فاشیستی لە ئیتالیادا بە کاریان هێنا و دواتر گشتێنرا تاکوو ئەڵمانیای ناسیۆناڵ سۆسیالیست و یەکیەتیی سۆڤیەت (بەتایبەت لە سەردەمی ستالینیدا، بڕواننە ستالینیزم) بگرێتەوە. ئەم زاراوەیە لە درێژەی جەنگی سارد لە دەیەی 1950دا لە ئەدەبیاتی زانستە سیاسییەکان و ڕۆژنامەگەریدا بەو پەڕی هێزەوە چەسپا. یەکێک لە باشترین پێناسەکان لەم زاراوەیە (فرێدریش 1969) شەش تایبەتمەندیی ڕیز دەکات کە ڕژێمگەلی تۆتالیتێر جیا دەکاتەوە لە ئۆتۆکراسییەکان و دیمۆکراسییەکان: ئایدیۆلۆژیایەکی گشتگیر (a totalist ideology)، حیزبی یەکەی دەربەست بەم ئایدیۆلۆژیایە،

پۆلیستی نهێنیی زۆر پێشکەوتوو و سێ جۆر کۆنترۆڵی پاوانکارانە_ کۆنترۆڵی پێوەندییە جەماوەرییەکان، کۆنترۆڵی چەکە ئۆپراسیۆنییەکان و کۆنترۆڵی کۆی ڕێکخراوەکان لەوانە ڕێکخراوە ئابوورییەکان.

سەرباری ئەمە، دوان لە مارکسیستەکان کەڵکی زۆر و وردیان لەم چەمکە وەر گرت. نۆیمان (1942) ڕژیمی ناسیۆنالیست سۆسیالیستی ئەڵمانیا بە «ئابووریی پاوانکارانەی تۆتالیتێری» دەزانێت (بڕوانە فاشیزم)، بە فراوانی پەرژایە سەر شیکاریی دۆکترینی «دەوڵەتی تۆتالیتێر» وەک دەوڵەتێک کە گوبێلز گوتەنی «کۆی پانتاکانی ژیانی گشتی دەگرێتەوە». هیلفێردینگ دوو جار لە دوا نووسینەکانی (1940، 1941) دا پێی وایە کە (USSR) «ئابووریی دەوڵەتی تۆتالیتێر»ە_ و لە وەسف و وێناکردنی وەک «سەرمایەداریی دەوڵەتی» (ئەو چەمکەی کە ئەویش وەک نۆیمان لەو باوەڕەدایە ناتوانێت بەرگەی شیکاریی ئابووریی جیددی) بگرێت یان سیستمی حاکمیەت و دەسەڵاتداریەتیی بڕۆکراتیک (ترۆتسکی) خۆ دەبوێرێت_ و پێی وایە کە بۆلشێڤیکەکان «یەکەم دەوڵەتی تۆتالیتێریان پێش داهێنانی ئەم زاراوەیە دامەزراند». پاشان لە درێژەی باسەکەدا پێشنیاری پێداچوونەوەیەکی تەواو و کامڵتر دەکات لە تیۆریی دەوڵەتی مارکسدا. ئەو باگەشەی ئەوە دەکات کە دەوڵەتی مۆدێرن، لەبەر ئەوەی سەربەخۆ بوەتەوە، هەنووکە گرووپە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتە ملکەچی مەبەستەکانی. «مێژوو، ئەم «باشترینەی نا هەموو مارکسیستەکان» فێری کردووین کە بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئەنگلسەوە «ئیدارەدانی کاروبارەکان» دەتوانێت ببێتە «سوولتە»ی بێسنوور «بەسەر ئینسانەکان»ەوە...» و لێرەوە ئەنجامەکەی «ملکەچیی ئابووری بێت لە خاوەندارانی دەسەڵاتی دەوڵەتی». لە کۆتاییدا، هێلفێردینگ ڕای وایە کە «پێگەیشتنی دەسەڵاتی دەوڵەتی لەگەڵ پێگەیشتنی ئابووریی مۆدێرندا پێویستیی یەکترن»، دەوڵەت تا ئەو شوێنەی دەوڵەتێکی تۆتالیتێرە کە کۆی ئەو پرۆسە کۆمەڵایەتییانەی لە ڕووی مێژووییەوە گرینگن دەکاتە ملکەچ و فەرمانبەری ئیرادەی خۆی. شیکارییەکانی نۆیمان و هیلفێردینگ خاوەن گرینگییەکی بەردەوامن لە بواری باسە مارکسیستییەکاندا سەبارەت بە گەشە و بەرینبوونەوەی دەوڵەتی دەستتێوەردەر لە کۆی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا.

بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە فرێدریش، کارل جەی. 1969، هیلفیردینگ، ڕۆدۆڵف 1940، 1941، نۆیمان، فرانتس 1942، (1944).

**تۆم بۆتۆمۆر**

## دابەشکاری / تەوزیع (distribution)

بۆ مارکس بەپێی تێگەیشتنی جەی. ئی. میل، پێوەندییەکانی دابەشکاری لە نێوان فۆرمێکی کۆمەڵگا و فۆرمێکی تر کۆمەڵگادا جیاوازە. مارکس پێیوایە سەرچاوەی پێوەندییەکانی دابەشکاری دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکان: کەواتە، وک دەوترێ پێوەندییەکانی دابەشکاری لەگەڵ فۆرمە کۆمەڵایەتییە تایبەتییە مێژووییە دیاریکراوەکانی پرۆسەی بەرهەمهێناندا دێتەوە و سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە... ڕوانگەیەک کە تەنیا پێوەندییەکانی دابەشکاری بە مێژوویی دەزانێت، بەڵام سەبارەت بە پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکان وا ناکات... بەتەنها ڕوانگەی ڕەخەی سەرەتایی، بەڵام دوا کەوتوە لە ئابووریی بوورژوایی. (سەرمایە، ب 3، چ 51).

لە چەقی تیۆریی مارکس لەمەڕ بەرهەمهێناندا، چەواساندنەوەی چینێک بە دەستی چینێکی تر بوونی هەیە. لەگەڵ ئەمەدا، هەڵێنجانی کاری زیادەی پێوەندییانەی دابەشکارانەی نێوان چینەکانی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەم پێوەندییە پێوەندییەکە کە ڕەهەندە چەندی و چۆنایەتییەکانی تەنیا دەتوانین بە گەڕانەوە بۆ پێوەندییە بەرهەمهێنەرانەکان تێبگەین. گەرچی مارکس لە ڕەخنە لە بەرنامەی گۆتادا لەمەڕ پێوەندییەکانی دابەشکاری لە کۆمۆنیزم قسەی زۆری

پێیە بیکات، با ئەم خاڵە لە ناوکۆیی سەرمایەداریدا ڕوون بکەینەوە.
پێوەندیی دابەشکارانە بنەمای نێوان سەرمایە و کارە، کە هەر یەکە لە شێوەی داهات لە ڕێگەی قازانج و حەقدەستدا خۆی دەر دەخات. بەم پێیە، شیکاریی دابەشکارانە لەمەڕ سەرمایەداری وەک هێرشێک بۆ سەر چەوساندنەوە ڕەچاو دەکرێت کە خۆی وەک پێوەندییەکی بەراوەژووی نێوان قازانج و حەقدەست دەنوێنێت. سەرباری ئەمە، بۆ مارکس، سەرچاوەی قازانج دەگەڕێتەوە بۆ بەرهەمهێنانی بەهای زیادە، ئەگەرچی ناچاریی کرێکاران بۆ کارکردن لە کاتی زیاتر لە کاتی کار، بەرهەمهێنانی کاڵا حەقدەستییەکان پێویست دەکاتەوە. کەواتە، دابەشکردنی قازانجەکان و حەقدەستەکان سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێوەندییە بەرهەمهێنەرەکان. حەقدەستەکان وەک پێش مەرجی بەرهەمهێنان زیاد دەکەن و قازانجەکان، وەک شێوەیەکی بەهای زیادە لە دانوستاندندا، دەرەنجامی بەرهەمهێنانن کە ئەمە بۆ خۆی ناکۆکیی نێوان سەرمایە و کارە سەبارەت بە پرۆسەی کار. لە دەرەنجامدا، پێوەندییە دابەشکارانەکان لە سەرمایەداریدا نابێت بە پلەی یەکەم، بەو جۆرەی کە لە قوتابخانەی سرافایی مارکسیزمدا باوە، لێکدژی (conflict)ی نێوان دوو چین لە سەر پشکەکانی بەرهەم بە ڕووت بزانین، بەڵکوو دەبێت بە دەرەنجامی لێکدژی سەبارەت بە بەرهەمهێنان بزانین کە تێیدا چینەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ و هاوتەک جێگەی خۆیان نەکردووەتەوە.
بەرهەمهێنانی بەهای زیادە سروشتی دابەشکارانەی نێوان سەرمایە و کار دەر دەخات، بەڵام بەهای زیادە بۆ خۆی دەبێت دابەش بکرێت. لە ناو سەررمایەدارانی پیشەسازی و بە لەبەرچاو گرتنی جووڵەی سەرمایە لە ڕێگەی کریدیت (credit)ەوە، ئاراستەیەک هەیە بۆئەمەی کە بەهای زیادە بەو ڕێژەیەی کە سەرمایە زیاد دەکات وەک قازانج دابەش بکرێت_ واتە پێکهێنانی نرخەکانی بەرهەمهێنان (prices of production) و پرسی گۆڕاندن (transformation problem). بەهای زیادە هەروەها بە شێوە و فۆرمگەلی تری وەک ڕانت (rent)_ کە لەو بارەوە پێوەندییەکانی خاوەندارییەتیی عەرز (landed property) دیاریکەرە_ و قازانج (interest)دا دەستی بەسەردا دەگیرێت، کە لەو بارەوە دەبێت سەرمایەی دارایی شی بکرێتەوە. زێدەباری ئەمە، ڕکابەری (competition) ئاڵۆزترین و بەرهەستترین ناوگری دابەشکارییە، کە بۆ نموونە، ئەگەری ئەوە دەدات کە ئەو کاتەی بازاڕەکان بۆ هێزی کار لەچاو حەقدەستەکان لەبارە، هەندێک جار حەقدەستەکان بەشێکی بەهای زیادە بگرنەوە.

**بێن فاین**

# نوێترین بڵاوکراوەی
# دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە




www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07705996990 - 0533220180

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

# نوێترین بڵاوکراوەی
# دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە




www.ideafoundation.co
2018idea@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea

سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران
07705996990 - 0533220180

IDEA FOUNDATION
دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە